گوڤارا ئەكاديمى يا زانكويا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٠ ژ.٢، ٢٠٢١/٢٠٢٠
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v10n2a934
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.

# سینتاكسی ئەركی و شیكاری گوتارلە زمانی كوردیدا

# گوتاری ڕاگەیاندن بەنموونە

پ.ی.د. دارا حەمید محەمەد ، بەشی زمانی كوردی - كۆلێجی پەروەردە / زانكۆی گەرمیان، هەرێما كوردستانێ- عێراق

**پوختەی توێژینەوەكە**

سینتاكسی- ئەركی تیۆرییەكە كار لەسەر ڕاڤەی بنیاتی زمان و ئەركی پێوەندیكردن دەكات، زمان كۆمەڵێك ئەركی جۆراوجۆر بەجێدەهێنێت، بەشێك لە ئەركەكان پەیوەستن بە بنیات(structure)ی زمانەوە و لەڕێی ئارگومێنتە سینتاكسییەكان و پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییەكان لە قاڵبی ڕستەدا(بكەر ، بەركار....) دەبن، پێوەندیكردنیش یەكێكیترە لە ئەركە سەركییەكانی زمان، ئەمەش بەپێی كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكان و بەكارهێنانیان لەدەوروبەری تایبەتدا ئەنجام دەدرێت، ئەركە سینتاكسییەكان هاوتا لەگەڵ ئەركی پێوەندیكردن كە بەپێی شوێن و دەوروبەرەجیاوازەكان و لەشێوەی ئەركی واتایی كە مەبەستە(سیمانتیكی و پراگماتیكی)یەكان دەگرنەوە ئەركی تەواوی زمان پێكدەهێنن . تیۆریی سینتاكسی- ئەركیی(سیمۆن دیك) لەتوانایدایە ئەو سێ جۆرەی ئەركی زمان (دروستەیی ، سیمانتیكی ،پراگماتیكی ) كۆبكاتەوە و كاریان لەسەر بكات . هەربۆیە ئەم توێژینەوەیەمان كە بەناونیشانی(سینتاكسی- ئەركیی و شیكاری گوتار لە زمانی كوردیدا گوتاری ڕاگەیاندن بەنمونە)وەیە، بۆ خستنەڕووی ئەو تیۆرییە و كارەكیكردنی لە جۆرێك لە جۆرەكانی گوتار كە گوتاری ڕاگەیاندنە تەرخانكردووە.

**كلیلە وشە:** ڕێزمانی ئەركی، بنیاتی زمان، سیمانتیك، پراگماتیك، گوتار.

## 1. پێشەكی

بنیاتی زمان و ئەركی زمان پێوەندیگەلێك وابەستەكردوون، سینتاكسی ئەركی كار لەسەر ئەركەكانی زمان دەكات، ئەركەكانی ناوەوە، كە پەیوەستە بە بنیات و ئەركە كۆمەڵایەتییەكان كە وابەستەی بەكارهێنانی زمان و دەوروبەرە، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(سینتاكسی ئەركیی و شیكاری گوتار لە زمانی كوردیدا گوتاری ڕاگەیاندن بەنمونە)وەیە لە چوار تەوەردا شیكاری گوتاری ڕاگەیاندن ( Media Discourse) دەكات بەپێی ئەركە ڕێزمانییەكان و ئەركە واتاییەكان (سیمانتیك و پراگماتیك). میتۆدی پێڕەوكراو لە توێژینەوەكەدا پەسنی شیكەرەوەییە بە جێبەجێكردنی تیۆریی (سینتاكسی ئەركی) (سیمۆن دیك)ی هەمواركراو لەلایەن (ئەحمەد ئەلمتەوەكل) وە، كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە زاری ناوەڕاستە، سامپڵەكان گوتاری ڕاگەیاندنی دوو نووسەری كوردن( مەریوان وریا قانع ، ئاراس فەتاح).

گرنگی توێژینەوەكە لەوەدایە تا ئێستا لە زمانی كوردیدا توێژینەوەیەكی ئەكادیمی تایبەت بە تیۆریی سینتاكسی ئەركی هەمواركراو ئەنجام نەدراوە، بەتایبەتیش كەرەستەكەی گوتاری ڕاگەیاندن بێت، لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین سەرەتایەكە بۆ چارەسەركردنی گرفتێكی زمانی لە زمانەوانی كوردیدا.

توێژینەوەكە وەڵامی چەند پرسیارێك دەداتەوە. وەك:

- ئایا تیۆریی سینتاكسی ئەركی و مۆدێلەكانی توانیان بەشێك لە كێشەكانی شیكاری زمانی بەتایبەتی گوتار چارەسەر بكەن ؟
- ئایا مۆدێلەكانی تیۆریی سینتاكسی ئەركی ڕاستی دەسەڵات شكاندنەوەی دەوروبەرە جیاوازەكانی بەكارهێنانی زمانیان لەسەر بنیاتی زمان سەلماند؟
- توانستی ئاوەزی( ملكة) و جۆرەكانی چ ڕۆڵێكیان لەكردەی پێوەندیكردنی نێوان قسەكەر و گوێگر هەیە ؟

تەوەرەكانی توێژینەوەكە بەم شێوەیە:

- تەوەری یەكەم تایبەتە بە خستنەڕووی پوختەیەكی تیۆرییەكە (سەرهەڵدان و گشەكردن و قۆناغەكان)ی بڵاوبوونەوەی .
- تەوەری دووەم باس لە گوتار بەگشتی و جۆرەكانی گوتار و گوتاری ڕاگەیاندن دەكات .
- تەوەری سێیەم تایبەتە بە ڕاڤەكردنی گوتاری ڕاگەیاندن بەپێی بنەماكانی تیۆریی سینتاكسی ئەركی .
- تەوەری چوارەم تایبەتە بە ئەنجامەكانی توێژینەوەكە . لەكۆتایشدا ئاماژە بە سەرچاوەكان كراوە لەگەڵ خستنەڕووی پوختەیەكی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی .

### 1.1 پوختەی تیۆریی سینتاکسی ئەرکی

زمان دوو ئەرکی سەرەکی بەجێدەهێنێت، (ئەرکی پێوەندیکردن ) و ( ئەرکی زمانەوانیی و گراماتیکی) . تیۆریی سینتاکسی ئەرکی کار لەسەر ئەرکی پێوەندیکردنی زمان دەکات، بەتایبەتی زمانە سروشتییەکان، چونکە ئەرکی سەرەکی ئەو زمانانە پێوەندیکردنە، ئەرکی پێوەندیکردن لەسەر دوو پێکهاتەی گرنگ دادەمەزرێت، یەکەم دروستە، دووەم واتا(سیمانتیک، پراگماتیک)، بەدیدی ئەرکییەکان، ئەرکی زمان بنیاتی زمان دیاریدەکات (فەرهادی،2003: 2 )، یەکێك لەئەرکەکانیش پراگماتیکە کە زمان دەبەستێتەوە بە دەوروبەری بەکارهێنانەوە، بۆیە بەبێزانینی مەرجەکانی پێوەندیکردن کە واتای پراگماتیکی دیاریدەکات، ناتوانرێت، دروستەیەکی سەرکەوتو بنیات بنرێت .(العناني ، 2014 :35 ). بەمەش ئەرکی پێوەندیکردن دەبێتە بناغەی بنیات و بنیاتی زمانیش بەشێکی گرنگی کردەی پێوەندیکردن پێکدەهێنێت .

زمانەوانی ئەرکی لە زنجیرەی پراگی زمانەوانییەوە سەرچاوەیگرتووە (المهيري ،1990: 40 ) و چەندین تیۆریی دەگرێتەوە لەوانە : تیۆریی دەربارەی ئەرکی ڕستە (ماتسیۆس )، سینتاکسی ڕێکبەندی (النسقي) لە قوتابخانەی فیرث(لەندەن) دەرکەوت، تیۆریی زانستی بنیات مارتینی، و تیۆریی سینتاکسی ئەرکی (سیمۆن دیك) .(بودرامە ،2016 :36 ) . پوختەیەکی هەموارکراوی تیۆرییەکەی دیك مەبەستی ئەم پارەی توێژینەوەکەیە .

تیۆری سینتاکسی ئەرکی لە شاری امستردام لە کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتاوە لەلایەن سیمون دیك کاری لەسەرکرا، بەلای هەندێك لە زمانەوانانەوە وەك جێگرەوەیەك بۆ تیۆریی بەرهەمهێنان خرایەڕوو، هەروەها بە شیاو زانرا بۆ شیکاری سینتاکسی دەق بۆ زیاتر بڕوانە (العناني، 2014 39)،(المتوكل،2001: 16)، گرنگی ئەم تیۆرییە لەوەدایە، پێکهاتەیەکە پێشنیازەکانی چەند تیۆرییەك لە خۆدەگرێت، لەوانە تیۆریی سینتاکسی پراگماتیکی و ڕێزمانی دۆخەکان( cassis) و تیۆریی کردەی قسەیی. بەهای تیۆریی سینتاکسی ئەرکی لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە گرنگی بە هەندێك بنەما و دیاردە دەدات لە زماندا، تیۆرییەکانی پێشوو وەك گرفتێك بۆیان چارەسەرنەدەکرا، لەوانە: گرفتەکانی گوتار، بارودۆخی بەرهەمهێنانی گوتار، دەوروبەری گوتار، هەڵبەت ئەمەش بۆ ئەو چەمکە نوێیانە دەگەڕێتەوە کە لەخۆی گرتبوو ، وەك ( گەیاندن، هەواڵەکردن ، پێویستی ....)، ئەم تیۆرییە وەك جێگرەوە و کۆکەرەوەی چەند مۆدێلێکی زمانی ئەرکییە، لەوانە :

- مۆدێلی ڕێزمانی ئەرکی پێش بەستانداردبوون (1978-1988)، ئەم قۆناغە هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لەبواری فەرهەنگ و وشە و بنیات و بواری واتا (سیمانتیك و پراگماتیك )ی ڕستەی سادەدا کرابوون .
- مۆدێلی ڕێزمانی ئەرکی ستاندارد 1989-1997 )، ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە لایەنی فەرهەنگ و بنیات و پراگماتیکی ڕستەی لێکدراو لەخۆدەگرن، لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری بەشێوەیەك شیاو بێت بۆ شیکاری دەق و گوتار .
- مۆدێلی ڕێزمانی ئەرکی سەروی ستاندارد(1997 0000)، ئەم مۆدێلە لەسەر بنەمای هاوتایی لێکچوونی دروستە و ئەرکی گوتار دادەمەزرێت ، بەوەی بنیاتی گوتاری ئاسایی یەك بنیاتە و ڕەنگدانەوەی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانی سروشتییە (جميات ،2016 :23 ) .

پۆلە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان لە قاڵبی ڕستەدا، ئارگومێنتە سینتاکسییەکان و (بکەر، بەرکار....) بە تەنها ئەرکی زمان بنیات نانێن، بەڵکو ئەرکەکانی پێوەندیکردن بەپێی کۆنتێکستە جیاوازەکان لە کردەی پێوەندیکردندا کە مەبەستە (سیمانتیکی و پراگماتیکی)یەکان فەراهەم دەکات ئەرکی تەواوی زمانن. (محەمەد ، 2020 :26) . بەپێی بۆچوونی کۆنو سینتاکسی ئەرکی هەوڵێکە بۆ شیکاری ئەو دۆخە، واتە دروستەی زمانیی لەگەڵ گرنگیدان بە ئەرکیی پێوەندیکردن ، کە ئەو دروستە و بنیاتە زمانییە بەجێیی دەهێنن چونکە ئەم تیۆرییە ئاراستەیەکی پراگماتیکی هەیە و دروستە و دەوروبەر کۆدەکاتەوە(جميات ،2016 :24 ) .

### 2.1 بنەماکانی تیۆریی سینتاکسی ئەرکی

- ئەرکی سەرەکیی زمانە سروشتییەکان پێوەندیکردنە . پەسنی زمانیی(سالوخی زمانیی) لە تیۆریی سینتاکسی ئەرکیدا پەسنکردنی زمانە سروشتییەکانە بەپێی ئەرك(المتوكل،2001: 35)، واتە بەشێوازێك بنیاتی زمان دیاریکراو و سنورداردەبێت بەپێی ئەو ئەرکە جیاوازانەی زمان بەجێیان دەهێنێت، لەبەرئەوەی ئەرکی سەرەکی زمان بەجێهێنانی کردەی پێوەندیکردنە، هەربۆیە دەوروبەری بەکارهێنانی ئەو زمانە شێوازی بنیاتی دەستنیشان دەکات، بەشێوەیەك تەنها بۆ ئەو دەوروبەرە گونجاوبێت.(سەرچاوەی پێشوو: 36) .

- حوکمکردنی بنیات لەلایەن ئەرکەوە، واتە پەیوەستبوونی بنیاتی زمان بە ئەرکەوە بەشێوەیەك بنیات ڕەنگدانەوەی ئەرکی زمان بێت، بەمەش جیاوازی لە دەوروبەردا جیاوازی لە بنیاتدا دروست دەکات. هەڵبەت دروستەی زمانی کەرەستەی دەوروبەرە جیاوازەکانن، لەبەرئەوە تیۆریی سینتاکسی ئەرکی جیاوازیە دروستەییەکان بەپێی جیاوازیی دەوروبەرەکان دەستنیشان دەکات و تایبەتمەندییەکانی ئەرکیی زمانە سروشتییەکان تاڕادەیەکی زۆر سروشتی بنیاتی زمانەکان دیاریدەکەن (بوقره،2018: 227). بۆ نمونە ڕستەکانی(1-2) :

  - دونیای دوای تەواوبوونی ئەم ڤایرۆسە هەمان دونیای بەر لە هاتنی ئەم ڤایرۆسە نابێت.
  - لە وڵاتەدیموکراسیەکاندا نەکاپیتالیزم لەناودەچێت و نەکۆمۆنیزم جێگەی کاپیتالیزم دەگرێتەوە.

**مەریوان وریا:** ڕستەکانی (1-2) دوو دروستەی جیاوازن، هەربۆیە دوو ئەرکی جیاواز بەجێدەهێنن، لە ڕستەی (1)دا لەڕێی پرۆسەی نەرێکردنی کردارەوە هەواڵێك گەیەنراوە، کەچی لە(2)دا بەمەبەست بەرکاری ناڕاستەخۆ پێشخراوە و لەڕێی نەرێکردنی جێکەوتەکانی کردارەکانەوە (نە کەپیتالیزم ، نە کۆمۆنیزم) جەختکراوەتەوە لە دروستی زانیارییەك کەلای گوێگر مەرج نییە زانراوبێت، بەوەی قسەکەر دەیەوێت بە گوێگر بڵێت، تەنها لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا نە سەرمایەداری لەناودەچێت و نە کۆمۆنیزم جێی سەرمایەداری دەگرێتەوە نەك لە جۆرە وڵاتێکیتردا ،(بۆزیاتر بڕوانە: قادر،2008: 35). دروستە و یاسای ڕۆنانی هەردوو ڕستەکەش مەحکومی دەوروبەری بەکارهێنانن . نووسەر بە بەکارهێنانی مۆرفیمی نەرێکردنی نسادە(نە...نە) جەخت لەسەر ڕوونەدانی کردارەکان دەکاتەوە چونکە بەکارهێنانی ئەو مۆرفیمە لە قاڵبی ڕستەی لێکدراودا بەمەبەستی گەیاندنی واتای جێبەجێنەکردنە(محەمەد ئەمین،2016: 166) .بەلای (ئەلمتەوەکل)هەوە هەرکردەیەکی پێوەندیکردن لەڕێی دروستەیەکەوە دەبێت کە چوار پایەی هەیە.(المتوکل،2003: 53) و بریتین لە :

أ. هەڵبژاردنی جۆری پێوەندی و چوارچێوە گشتییەکەی(شێواز ، ناوەندی ڕاوێژکاری....) .

ب. دەستنیشانکردنی مەبەستی پراگماتیکی(پرسیار ، هەواڵ ، پەیماندان، فەرمان....) .

ج. هەڵبژاردنی واتای سیمانتیکی بەشێوەیەك لەگەڵ مەبەستی پراگماتیکیدا گونجاو بێت .

د. دارشتنەوەی مەبەست و ناوەرۆك لە بنیاتێکی (وێنەیی) گونجاودا .

ئەو چوار بنەمایەی پێوەندیکردن لە ناوەرۆك و بنیاتی ڕستەکانی (1-2)دا بە شێوازی تایبەت لە کۆی دروستەکەدا، گەیاندنی مەبەستی پراگماتیکی لە فۆرمی هەواڵگەیاندندا و مەبەستە سیمانتیکییەکان، کە بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە سەرچاوەی واتا پراگماتیکییەکانی ڕستەکانن ، بەرجەستە دەبن .

- بابەتی زمانەوانی پەسنکردنی توانای بەردەوامی پێوەندیکردنی قسەکەر و گوێگرە. قسەکەر بە یارمەتی یاساکانی بنیاتنان و یاسا سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان و بەکارهێنانیان لە دەوروبەری تایبەتدا توانای بەردەوامی پێوەندیکردنی هەیە. قسەکەر مەبەستێتی توانا زمانییەکانی لە هەڵوێستەکاندا بەمەبەستی پێوەندیکردن بەکاربهێنێت . پێوەندیکردنی سەرکەوتوش لە هاوتابوونی دەربڕینەکان و دەوروبەرەکانی بەکارهێنانەوە فەراهەمدەبێت، دەوروبەرکانیش چەند جۆرێکن (متەوەکل) هەندێکیان لەشێوەی دەوروبەر( Context) و بەشێکیان لەشێوەی هەڵوێستدا(Attitude) دەخاتەڕوو:

أ. دەوروبەری زمانی، پێوەندییە فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی سینتاکسی و سیمانتیکییەکانە، بەمەش واتای وشە ڕوون نابێتەوە تا لە دەوروبەرێکدا بەکارنەهێنرێت چونکە پێوەندی نێوان وشەکانی دەربڕینێك واتای دروست دەخاتەڕوو، فێرث پێی وایە تێبینیکردن و لێکدنەوەی واتای یەکە زمانییەکان لە قاڵبی فریز و ڕستەدا بە بێیەکە زمانییەکانی پێشەوە یان دواوەیان لێکدانەوەیەکی دروست نابێت(Lyons.1980:151 ).

بۆنمونە لەنمونەی(3)دا یەکە زمانییەکان و پێوەندییەکانی نێوانیان واتای تەواوی پێبەخشیون و سەرجەمی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان و ئارگومێنتە سینتاکسییەکان و بەکارهێنانیان واتای دروست و مەبەستی قسەکەر(نووسەر)دەگەیەنن. هەر کەموکوڕییەك لە

پێوەندییەکانی ئەو کەتیگۆرییە فەرهەنگییانەی نمونەی(3)دا کاریگەری لەسەر ئەرکی سەرەکی ڕستەکە دەبێت کە پێوەندیکردنە .

ب. دەوروبەری شوێن ، دەکرێت واتای وشە بەپێی واتای ئەو شوێنەی تێدا بەکاردەهێنرێت بگۆڕێت، زمانەوانان بەو جۆرە واتایە دەڵێن(واتای شوێن).[(بوقرە،2018: 228)] .

پەیوەست بە بەکارهێنەری زمان (متەوەکل) سێ جۆر هەڵوێست دەستنیشان دەکات, هەر هەڵوێستێك وشە و دەربڕینی تایبەتی بەخۆی هەیە، بۆنمونە دەربڕینەکانی هەڵوێستی خۆشی جیاوازە لە هەلویستی ماتەم و ناخۆشی و ئەمانەش جیاوازن لە دەربڕینەکانی هەلویستی نزا و پاڕانەوە .... جۆرەکانی هەلوێستیش بریتین لە:هەلوێستی مەعریفی ، هەڵوێستی هەڵچوون ، هەڵوێستی دەرەکی ( المتوكل،2016: 384 ) .

هەڵوێستی مەعریفی: ئەو هەڵوێستەیە کە تێیدا قسەکەر دەکرێت دڵنیا یان بەگومان بێت لە وتنەکەی یان ئەگەری ڕوودان یان ڕوونەدانی کردارەکەی هەبێت، وەك نمونەی (3) :

نمونەی(3) بە بۆچوونی من ئەوەی ڕووئەدات یەک پرۆسەی هاوبەش و لێکچوو نابێت لە هەموو جیهاندا، لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا شتی جیاواز ڕووئەدات و گۆڕانکارییەکان یەک شێوە و یەک جۆر و بەیەک ئاراستە نابن .

**مەریوان وریا:** لەڕووی سیمانتیکەوە نووسەر کە ڕۆڵی قسەکەر دەبینێت لەنمونەی (3)دا بە بەکارهێنانی فریزی(بە بۆچوونی من) وەك جێکەوتەیەکی بەئارەزوویی لەگەڵ کرداری (ڕووئەدات)دا ، واتای زۆر ڕژد نەبوون لەسەر وتەکەی دەگەیەنێت بە گوێگر یان خوێنەر .

هەڵوێستی هەڵچون، پێوەندی بە دۆخی دەروونی قسەکەرەوە هەیە، قسەکەر لە دەربڕینەکانیدا سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بەدیاردەیەك یان حاڵەتێك یان ڕووداوێك دەردەبڕێت . وەك نموونەی (4 ):

نمونەی4- دوێنێ، یەکێك لە هونەرمەندە گەورەکانی کورد، ئیسماعیلی سابووری، بەبێدەنگیی کۆچی دوایی کرد. بێگومان بێدەنگیی حکومەت و ئەو وەزارەتەی کە هیچ وەزیفەیەکی ڕۆشنبیریی نییە، جێگای سەرسوڕمان نییە.

**ئاراس فەتاح:** نووسەر لە نمونەی(4)دا سەرسوڕمانی خۆی پیشانداوە، لەوەی کە هونەرمەندێکی گەورەی کورد بە بێدەنگی ماڵاوایی دەکات، شێوازی دەربڕینی سەرسورمانی بەبێئامرازی سەرسوڕمانە و لەڕێی مۆرفیمە ناکەرتییەکانەوەیە، واتە شێوازی دەربڕین و خوێندنەوەی دەقەکە ئاماژە بۆ سەرسوڕمانی نووسەر دەکات، بۆزیاترپروانە(مەحوی،2001: 295)، هاوکات دۆخی نەرێکردنی سەرسوڕمانی نووسەر، دووبارەکردنەوە و جەختکردنەوەیە لەوەی بەلای ئەم دەسەڵاتەوە شتێکی ئاساییە و هیچ باس ناکرێت. لەڕووی پراگماتیکەوە بەکارهێنانی (نەبوونی هیچ وەزیفەیەك) بەرانبەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری دۆخی نا جێگیری و نارەزایەتیی و سەرسوڕمانی نووسەر دەخاتە ڕوو .

هەلوێستی دەرەکی: لەو جۆرە دەربڕینانەدا قسەکەر مەبەستی وتنەکەی دەبەستێتەوە بە دۆخێکی دەرەکییەوە، ئەمەش بەمەبەستی خۆپارێزی، بۆنمونە دەربڕینەکانی پێدەچێت .... دەکرێت ... پێم وایە....وەك نمونەی(5)

نمونەی(5) . ئەوەی ڕەنگە ڕوویدات دانانی کۆمەڵێک سنوورە بۆ سیاسەتی نیولیبرال و هێنانەکایەی فۆرمێکی نوێ لە "دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی". لەمەش زیاتر ئەگەری ئەوە گەورەیە ئەم وڵاتانە لە جاران زیاتر بەرگریی لە چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بکەن و جۆرێک لە پاشەکشە بۆ ناو ئەو چوارچێوانە ڕوویدات.

**مەریوان وریا:** لە نمونەی (5)دا نووسەر بەمەبەستی خۆپارێزی لە ئەگەری ڕوونەدانی بیرۆکەکان وشەکانی(ڕەنگە ، ئەگەری ) بەکارهێناوە . (یول،2016: 87) .

- سینتاکسی ئەرکی تیۆرییەکە کار لەسەر لایەنی پراگماتیك و دروستە و سیمانتیك دەکات .تیۆریی سینتاکسی ئەرکی بونی ئەرکە دروستەیی و سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان لە دروستەی قوڵدا (Deep Structure)بە مەرج دەزانێت، لەبەربوونی زانیاری پێویست و ڕێکخراو لە دروستەی قوڵدا لەسەر دروستەی ئەرکی.(جمیات،2016: 26) . بەمەش وەك چۆن لێکدانەوەی سیمانتیکی لەنمونەی(6)دا لای قسەکەر(نووسەر) و گوێگر(خوێنەر) بوونی هەیە، بەهەمان شێوە لێکدانەوەی پراگماتیکی بەپێی هەر دەوروبەر و هەڵوێستێك بێت(زمانی،شوێن..هەڵوێستی ناوەکی، دەرەکی، دەروونی...) لەڕۆنانی ژێرەوەدا بوونیان هەیە . چونکە هەنگاوی

یەکەمی ئاراستەکردنی واتای پراگماتیکی دەقەکە لەلایەن نووسەرەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەبێت و تێگەیشتنیش لەلایەن خوێنەرەوە دیسانەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەداڕوودەدات .

نمونەی ژمارە( 6 ): ئەوەی من هیوادارم دوای تەواوبوون ئەم ڤایرۆسە ڕووبدات، دروستبوونی تاکەکەسێکە لە جاران سیاسیتر و لە جاران سەرقاڵتر بە مەسەلە سەرەکیی و گشتییەکانی ژیانی گشتیی ناو کۆمەڵگای ئێمەوە .

مەریوان وریا

- توانستی زمانیی: ئەم بابەتە سەرەتا چۆمسکی لە تیۆریی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا ئاماژەی بۆکرد، توانست دەسەڵاتشکاندنەوەیە بەسەر زماندا، توانای تێگەیشتنە لە ئیشاراتەکانی زمان کە دەگوترێن و دەردەبڕدرێن هەروەها بەرهەمهێنانی ئیشارەی خاوەن واتای ئاراستەکراو(مەحوی و عومەر،2004: 3) ،توانست لەبارداەبوونی بەرهەمێنانی دروستە فۆرم دروستەکانە، قسەکەری بەتوانست خاوەنی پرۆگرام یان دەزگایەکە لە ڕێنما و یاسا و مەرج، لە کۆئۆرگان و مێشکیدا بۆ بەرهەمهێنان(سەرچاوەی پێشوو :87) بەمەش ئاوەز دەبێتە کۆئۆرگانێك بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە زمان . لەبەرئەوە مەعریفە لای قسەکەر و گوێگر مەعریفەی زمانییە . بەڵام بەپێی تیۆرییە ئەرکییەکان، توانای پێوەندیکردن خاڵی جەوهەرییە، ئیتر پێوەندیکردن لەڕێی کەرەستەی زمانیی یان نازمانییەوە بێت، بەمەش توانای پێوەندیکردن هەردوو جۆری مەعریفەی زمانی و مەعریفەی دەوروبەریش دەگرێتەوە، هەربۆیە قسەکەر و گوێگر لە ساتی بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتن لە زمان هەردوو جۆری مەعریفە بەکاردەهێنن، هەڵبەت بەکارهێنانەکانیش بەپێی هەڵوێست و جۆری گوتاری بەرهەمهێنراو دەگۆڕێن، بەمەش ئەوەی تیۆریی ئەرکی پێی هەستاوە تێپەڕاندنی توانستی زمانیی تیۆریی بەرهەمهێنانە چونکە بەلای چۆمسکییەوە بەکارهێنانی توانستی زمانی بایەخ پێدراوە و بۆ ئەو مەبەستە قسەکەری نمونەیی بەلایەوە پەسەندە بەمەبەستی هەڵێنجانی یاسا سینتاکسییەکان (مەعروف،2020: 36) هەرچی توانستی پێوەندیکردنە بە کەرەستەی زمانی و نازمانی ئەنجام دەدرێت (بوقرە،2018: 230). لەو ڕووەوە لە تیۆریی سینتاکسی ئەرکیدا ئامانجی پەسنی زمانی بەدەستهێنانی سێ جۆر توانست دەبێت ( توانستی پراگماتیکی ، توانستی دەروونی ، توانستی جۆر )

أ. توانستی پراگماتیکی: ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە سینتاکسی ئەرکی تەنها کار لەسەر ئەو ڕێزمانە ناکات، کە ڕستە و دەقی دروست بنیات دەنێت بەڵکو کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی ڕێزمان و ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەوەی چ ڕستە و چ دەق شیاو و گونجاو بن ، بۆ ئەو هەڵوێستەی تێیدا بەکار دەهێنرێن و ئەرکی پێوەندیکردن بە دروستی جێبەجێبکەن .

ب. توانستی دەروونیی :بایەخدانە بەلایەنی چۆنییەتی بنیاتنان و دەربڕینی وتنەکان لەلایەن قسەکەر و چۆنییەتی تێگەیشتن و شیکارکردن و لێکدانەوەی وتنەکانە لەلایەن گوێگرەوە .

ج. توانستی جۆر: لە تیۆریی سینتاکسی ئەرکیدا لەسەر بنەمای خەسڵەتە هاوبەشەکانی نێوان زمانە جیاوازەکان دادەمەزرێت، بەشێوەیەك لە خەسڵەتە سیمانتیکییەکانەوە بۆ خەسڵەتە پراگماتیکییەکان، چونکە هەتا ئاستی هاوتابوون لێکدەچن ، هەربۆیە کار لەسەر ئەرکە سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان دەکات زیاتر وەك ئەرکە دروستەییەکان، بۆ دەستنیشانکردنی توانستی جۆر دوو مەرج هەیە :

- تاقیکردنەوەی گریمانەی(دروستەی لێکنزیکی یەك سینتاکس) لەڕێی ئەنجامدانی توێژینەوەی زۆر و چڕ لەسەر هەموو ئاستەکانی زمانە جیاوازەکان لەڕووی جۆر و ڕێبازەوە، بەمەبەستی جەختکردنەوە لێیان و بەلاوەنانی گریمانەی(لیکنزیکی بەش بەش) .
- پێویستی بوونی هەردوو تایبەتمەندی(داماڵین و بەرجەستەکردن)، سیمون دیك لەلایەك بەستنەوەی پەسنی سینتاکسی بەپێی توانا بە دیاردەکانی ئەو زمانەی مەبەستە پەسن بکرێت، بەمەرج دەزانێت، لەهەمان کاتدا داماڵینەکە بەئاستێکبێت، بتوانرێت بەسەر زمانە جیاوازەکان لەڕووی جۆرەوە پێڕەو بکرێت .(جمیات،2016: 27) .

بەو پێیە تیۆریی سینتاکسی ئەرکی جەخت لەسەرسێ ئاستی ئەرکی زمان دەکات( المتوکل،2001 : 195 ) :

- ئەركی سیمانتیكی : لەسەر بنەمای پێوەندی واتایی نێوان كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكانی ڕستەكانی دەق فەراهەم دەبێت .
- ئەركی دروستەیی : جەخت لەسەر ئەركی ئارگومێنتە سینتاكسییەكانی كەرستە پێكهێنەرەكانی ڕستە دەكات لە كایەی گوتاردا . وەك نموونەی( 7 ):

نمونەی(7) كاتێك گەلێك هونەرمەندێكی گەورە لەدەستدەدات، خەم و پەژارە فەزای گشتییەكەی دادەپۆشێت.

**ئاراس فەتاح:** لە (7)دا كە ڕستەیەكی ئاڵۆزە، ئارگومێنتەسینتاكسییەكانی بكەر و بەركار و كردار ئاشكران، گەر تەنها ڕستەی ڕستیلەكەیش وەربگرین بە شێوەی هێڵكاری ژمارە(1) دەبێت : كاتێك گەلێك هونەرمەندێكی گەورە لەدەستدەدات




**هێڵكاری ژمارە(1)**

**ئەركی پراگماتیكی:** كار لەسەر ئەو دەوروبەرە دەكات، كە زمان تێدا بەكاردەهێنرێت بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئەركی پێوەندیكردن و گەیاندنی مەبەستی شاراوەی وتنەكان .

تیۆریی سینتاكسی ئەركی سەرەتا لەشێوەی نمونەیەكدا خرایەروو، (نمونەی سەرەكی) دواتر ئەو نمونەیە بووە بناغە بۆ قۆناغەكانی دواتری تیۆرییەكە، قۆناغی دەستپێك كە لەلایەن (سیمۆن دیك) هوە لە ساڵی 1978 خرایەروو چوار پێكهێنەری لە خۆدەگرت: گەنجینە (Treasury)، یاساكانی پشتگیری ئەرك،ڕێزمانی گوزارشت، ڕێزمانی دەنگ .

- مەبەست لە گەنجینە هەریەك لە فەرهەنگ. كە وشە و زاراوەكان دەگرێتەوە و یاساكانی فریز پێكهێنان.
- لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دروستەیەك ڕۆدەنرێت سیما واتایی و ئەركە واتاییەكانی تێدایە و دەگوێزرێتەوە بۆ دروستەیەكی ئەركی دیاریكراو لەرێی پشتگیری ئەركی بكەر و بەركار و هەردوو ئەركی پراگماتیكی ، سەنتەر و سەرچاوەوە .
- ڕۆنانی ئەركی دەروازەیەك دەبێت بۆ یاساكانی دەربڕین، كە كۆمەڵەیاسایەكی تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجی و سینتاكسییەكان بەپێی ڕۆنانی ئەركی دەستنیشان دەكەن .
- بەرهەمی یاساكانی دەربڕین وەك پێكهێنەرێك بەهۆی یاسا دەنگییەكانەوە دەردەبڕرێت و لێكدانەوەی دەنگیی دەبێت بۆ دەربڕراوە زمانییەكە (ملیطان،2014: 21).

هێڵكاری ژمارە (2) دەربڕراوە زمانییەكان لە نمونەی یەكەم و(سەرەكی) سیمۆن دیك دەخاتەروو .




سەرچاوەی هێڵكارییەكە(ملیطان،2014: 23).

**هێڵكاری ژمارە(2)**

- ئامرازبەندی و بنیاتی زمان، یەكێكە لە بنەما هەرە گرنگەكانی میتۆدی ئەركی و لە میتۆدی وێنەیی جیای دەكاتەوە، لەمڕووەوە متەوكل پێی وایە، گرنگترین بنەمای میتۆدی ئەركی ئەوەیە پێوەندی بە ئامرازبەندی زمان و بنیاتی زمانەوەهەیە، پێوەندی ئەركی پێوەندیكردن و ڕێكبەندی زمانییە، چونكە ئەم بنەمایە بنیاتی زمان و زمان وەك ئامرازێك بۆ پێوەندیكردن پێكەوە

دەبەستێتەوە، ئەمەش خاڵی گرنگی تیۆرییەئەرکییەکانە، کە بەلایانەوە هەرچەندە زمان ئەرکی زۆر بەجێدەهێنێت بەڵام ئەرکی ناوەندیی زمان پێوەندیکردنە.(بوقرە،2018:230). لەو سۆنگەیەوە متەوەکل لەکردەی پێوەندیکردندا چوار ڕەگەز بەگرنگ دەزانێت(ڕەوایەتی ئەرکی ، بنیات و پێوەندی نمونەیی، بنیات و ئامانجەکانی پێوەندیکردن ،بنیات و جۆرەکانی پێوەندیکردن و لەگەڵ جەختکردنی زۆر لە بنەمای بنیات :

أ. ڕەوایەتی ئەرکی، ئەرکییەکان گرنگی بە ئەرکی زمان دەدەن ، ئەرکی زمانیش بەلایانەوە پێوەندیکردنە، لەبەرئەوەی زمان کۆمەڵێك پێکهاتەیە، ئەرك ڕۆڵی لە بنیاتیاندا هەیە، بۆیە پێوەندی لەنێوان زمان و ئەرکدا هەیە، بەڵام ئەمەش بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، چونکە بەلای هەندێکەوە هیچ پێوەندییەك لە نێوان زمان و ئەرکدا نییە چونکە زمان بنیاتێکی ڕێکە، بەلای متەوەکلەوە هەردوو بۆچوونەکە لێکدانەوە هەڵدەگرن ، بەم شێوەیە:

- گرووپی یەکەم زمان بە سیستمێکی سەربەخۆ دادەنێن، خاوەنی بنیاتێکی دروستە و کۆمەڵێك یاسا حوکمی دەکات، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لە زمان بەتەنها و سەربەخۆبێت و پێوەندی بە هیچ شتێکیترەوە نەبێت.
- گرووپی دووەم پشتگیریی ئەرکی زمان دەکەن، بەوەی کە بنیاتی زمان ئەو تایبەتمەندییە وەردەگرێت کە ڕۆڵیان هەیە لە سەرکەوتنی کردەی پێوەندیکردندا .

ب. بنیات و پێوەندیی نمونەیی، بۆ ئەوەی پێوەندی سەرکەوتوانە ئەنجام بدرێت، پێویستە ڕەگەزەکانی پێوەندیکردن هەبن، ئەوانیش بریتین لە(قسەکەر(نێرەر)،گوێگر(وەرگر)، پەیام(گوتار)، دیارە گوتار سەرکەوتو نابێت ئەگەر هاتوو گرفتێك لابردنێك لە گوتارەکەدا هەبوو بەشێوەیەك کە ڕێگری بکات لە لێکدانەوەی دروست لای وەرگر، ئەمەش قسەکەر لە ئاخاوتنی ئاساییدا هەوڵی ڕێگریکردن لە دروستبوونی دەدات ، بۆنمونە ئاستەنگەکانی گوتار زیادکردن، لابردن... وەك نمونەی(8) :

نمونەی 8 - ئەگەری ئەوە گەورەیە . دەربڕینەکە لە(8)دا گرفتی هەیە چونکە بنیاتەکە ناتوانێت بەتەواوەتی مەبەستی قسەکەر بە گوێگر بگەیەنێت، بەڵام لە (9)دا، کە بنیاتەکە فراوانتر دەکرێت ، ڕەگەزەکانی بنیاتی زمانیی بوونی دەبێت، پەیامی قسەکەر بەتەواوەتی بە گوێگر دەگات.

نمونەی 9 - ئەگەری ئەوە گەورەیە تەکنیکەکانی کەرانتینەکردن و دیسپلینکردن لە فۆرمی نوێدا بەکاربهێنرێن مەریوان وریا

ج. بنیات و ئامانجەکانی پێوەندیکردن، بەپێی بۆچوونی ئەرکییەکان، قسەکەر لە کردەی پێوەندیکردندا دوو ئامانجی هەیە، یەکەم وەك هالیدای ئاماژەی بۆ دەکات پێدانی هەندێ زانیاری کە بەلای قسەکەرەوە ئەو زانیاریانە نوێن و لای گوێگر نەزانراوە (فەرهادی،2003: 63) ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش (زانیاری کۆن و نوێ یان زانراو و نەزانراو)(بونتج،2003 : 182) شیکاری هەموو جۆرەکانی ڕستەیانکردووە ڕستەی سادە، داڕێژراو، لێکدراو.لە زمانەوانی کوردیشدا زانیاری کۆن و نوێ بە(باس ، خواس) ناویان هێنراوە، بۆزیاتر بڕوانە(فەرهادی،2003: 62)(ئیسماعیل،2015:143) . دووەم قەرەبووکردنەوە و ڕاستکردنەوەی زانیارییەکی گوێگر کە قسەکەر وا هەستدەکات زانیارییەکە گرفتی هەیە . (المتوکل، 2016، 391) . شیکاری زمانیی بەو شێوەیە لە نمونەی ژمارە(10) و هێلکاری ژمارە(3)دا دەخەینەڕوو:

نمونەی10- ئەوەی من هیوادارم دوای تەواوبوون ئەم ڤایرۆسە ڕوودات، دروستبوونی تاکەکەسێکە لە جاران سیاسیتر و لە جاران سەرقاڵتر بە مەسەلە سەرەکیی و گشتییەکانی ژیانی گشتیی ناو کۆمەڵگای ئێمەوە.

مەریوان وریا




هێلکارژمارە (3)

ئەوەی من هیوادارم دوای تەواوبوون ئەم ڤایرۆسە ڕوودات دروستبوونی تاکەکەسێکە لە جاران سیاسیتر و لە جاران سەرقاڵتر بە مەسەلە سەرەکیی و گشتییەکانی ژیانی گشتیی ناو کۆمەڵگای ئێمەوە .

- بنیات و جۆرەكانی پێوەندیكردن، گوتار چەند جۆرێكی هەیە: گوتاری سیاسی، گوتاری ئەدەبی، گوتاری زانستیی....ئەوەی كە جۆری گوتار دەستنیشان دەكات چەند بنەمایەكە، گرنگترینیان بریتین لە: بابەتی گوتار، ئامانجی گوتار ، بنیاتی گوتار ، شێوازی گوتار، بابەت و ئامانجی گوتار شێواز و بنیاتی گوتار دیاریدەكەن، بۆ نمونە گەر قسەكەر بابەتێكی زانستی ئەنۆتۆمی ڕوون بكاتەوە ئەوە بنیات و شێوازی ئاخاوتنی جیاواز دەبێت لەوەی كە لەسەر بابەتێكی ئەدەبی بدوێت، چونكە هەر جۆرێك و بنیاتی تایبەت بەخۆی هەیە، وشە و زاراوەی تایبەت بۆخۆی هەیە، لە دەربڕیندا فۆنیمە ناكەرتییەكان (هێز و ئاوازە) تەواو جیاواز دەبن، (المتوكل،2001: 26). بۆنمونە ( 11-12 ) :

نمونەی 11- بیركردنەوە لە دەرەنجامەكانی ڤایرۆسی كۆرۆنا بۆ ژیانی كۆمەڵگاكان هێشتا لە سەرەتای سەرەتاكاندایە و ئەوەی هەیە و دەگوترێت جگە لە كۆمەڵێک ڕا و هەندێک چاوەڕوانیی تایبەت زیاتر نییە        .مەریوان وریا قانیع

نمونەی 12- لە مێژووی موزیكی ئێمەدا كەم هونەرمەند هەیە وەك سابووری بە هونەری حوزنەوە جوانبێت   .              ئاراس فەتاح

ڕستەی (11) ڕستەیەكی لێكدراوی فراوانە، جۆرەكانی ڕستەی لێكدراو بەپێی واتا ، ئامرازەكانی لێكدەر، كردارەكان پۆلێندەكرێن(محمەدئەمین،2016: 162)، جۆری ڕستە لە(11)دا (لێكدراوی هاوسەنگ)ە تێیدا كرداری ڕستەكان ڕێك و هاوسەنگن، كرتاندن لە ڕستەی لێكدراودا زیاتر لەو ڕستانەدا دەبێت كە بە ئامرازی(و) لێكدەدرێن، كەتیگۆرییە دووبارەكان دەكرتێنرێن و دەرنابڕدرێن، پەیوەست بە دۆخی ڕێزمانی دەرنەبڕینی كەتیگۆری دووبارە بە (Pro) چارەسەردەكرێت(مەعروف،2009: 82):

- ئەوەی هەیە، Proدەگوترێت: لە دروستەی(12)دا سەرباری چارەسەركردنی بكەری دووبارە بە(Pro) دوو حاڵەتی سینتاكسیی تریش بەكارهێنراون :
  - ئەرگەتیف، كە لە نێوان كەتیگۆرییە سینتاكسییەكاندا بەپێی كاتی كردار دەگۆڕێت، لە12دا ئەرگەتیڤی نێوان بكەر و كردار دەبێت بەحوكمی ئەوەی كردارەكە داهاتووە:

كەم هونەرمەند هەیە، Proجوان بێت

ئەرگەتیف

- كەتافۆر( Cataphor) كەتیگۆرییە سینتاكسییەكان ئاماژە بۆ كەرەستەیەك دەكەن دوای خۆیان دێت(محەمەد،2012: 14 ) .

- كەم هونەرمەند هەیە وەك سابوری. بەپێی تیۆریی سینتاكسی(11)و(12) دروستەیەكی بیرن، گۆڕاون بۆ دروستەیەكی زمانی و لەڕێی توانستی ئاوەزی(ملكە)هوە قەسەكەر نووسەر، ڕستەگەلێكی بەرهەمهێناوە كە شیاوبێت بۆ دەوروبەرەكە، بڕوانە یاسای ژمارە(1)لەتەوەری سێەمی توێژینەوەكە، هەروەها نووسەران لەڕێی زانیاری كۆنەوە توانیویانە زانیاری نوێ بگەیەنن بەخوێنەر و خوێنەریش بە شێوەیەكی لۆجیكی درك بە زانیارییە نوێیەكان دەكات وكۆیاندەكاتەوە و كۆگایان دەكات. یاسای ژمارە(3-4).

- گشتێتی لە زماندا، هەرچەندە زمانان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن و تایبەتمەندی هەر زمانێك جیاوازە لەزمانانیتر، بۆ نمونە زمانی كوردی تایبەتمەندی زمانی نووساو و زمانی تێكچڕژاو هەڵدەگرێت0 زمانی عارەبی زمانی داتاشین و ناوگرییە،( معروف و ڕەشید ،2006 : 88) بەڵام لە زمانە سروشتییەكاندا كۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش هەن، بەپێی تیۆریی سینتاكسی ئەركی ئەو خاڵە هاوبەشانە هەردوو لایەنی بنیات و ئەركی پێوەندیكردن كۆدەكەنەوە. واتە هەرچەندە زمانان لێكبچن یان جیاوازبن بەڵام كۆمەڵێك ئەرك كۆیان دەكاتەوە، كە هەوڵی بەجێهێنانی دەدەن.(بوقرە،2018: 232) .

- ئامرازبەندی و وەرگرتنی زمان : بەپێی بۆچوونی چۆمسكی منداڵ لەگەڵ هاتنەدنیاوەی توانای وەرگتنی زمانی هەیە، ئەو زمانەش وەردەگرێت، كە لە ژینگەكەیدایە، واتە منداڵ خاوەنی دەزگایەكی زمانی خاوەن ڕێساو یاسای گشتی زمانە و پاشان بە پێی زمانی دایكی بە زمانێكی تایبەت پڕی دەكاتەوە(مەعروف،2020: 82)، تیۆریی سینتاكسی ئەركی باس لەوەدەكات، كە منداڵ تەنها زمان وەرناگرێت بەڵكو توانای پێوەندیكردنیش لە ژینگەكەیدا وەردەگرێت . واتە منداڵ تەنها فێری دەنگەكانی زمان و وشە و یاساكانی زمان نابێت بەڵكو لەگەڵیاندا شێوازەكانی پێوەندیكردن فێردەبێت، كەواتە منداڵ زمان و ڕێزمانی زمان و هەروەها بەكارهێنانەكانی زمانیش فێردەبێت، سەرباری فێربوونی زمان فێری ئەوەش دەبێت هەر هەڵوێستە و

دەربڕینی خۆی هەیە، بۆ ئەو مەبەستە دوو جۆر بنیاتی ڕێك فێردەبێت : 1- بنیاتی زمان 2- بنیاتی ڕێکی بەکارهێنان .

## 1.2 گوتار و گوتاری ڕاگەیاندن

گوتار: Discourse کۆمەڵێك وتراو و دەربڕینی نێوان دوو کەس یان دوو گروپە، ئامانجیان گەیاندن و گۆڕینەوەی پەیام و بیروڕایە سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، بەشداربووانی گوتار قسەکەر و گوێگر پێویستە لێکبگەن و پاشخانی زانیاری هاوبەشیان سەبارەت بە ناوەڕۆك و پەیامی گوتارەکە هەبێت.

بۆچوونەکان سەبارەت بە سەرهەڵدانی زانستی گوتار جیاوازن، گروپێك لە زمانەوانان سەرهەڵدانی ئەم زانستە بۆ سۆسێر دەگێڕنەوە ،کاتێك باس لە ئاخاوتن دەکات و گوتار بە هاوواتای ئاخاوتن دادەنێت .( الحميري ، 2014 : 92) بەلای سۆسێرەوە گوتار شێوازی گفتوگۆکان(conversation) دەگۆڕێت، بەو شێوەیە ئاخاوتن دەبێتە جۆرێك لە گوتار و سەرەتاو کۆتایی دەبێت، ئەوەش کردەی بەکارهێنانی زمانە(محەمەد،2020 : 259). بەلام لە زمانەوانیدا سەرەتاو دەستپێکی بەکارهێنان و توێژینەوە لە گوتار بۆ زمانەوانی ئەمریکایی (هاریس ) دەگەڕێتەوە .

سەبارەت بە چەمکی گوتار فۆکۆ دەڵیت: ((دەکرێت مەیدانی گشتی وتنەکان بێت ، یان کۆمەڵێك وتراوی جیاواز بێت ، هەروەها دەبێت بەکارهێنانی زمان بێت بە پێی یاساو دەستوری تایبەت بەخۆی )) . هەروەها دەڵێت ((کۆمەڵێك دەربڕین بەشێك لە ستراکچەری گوتار پێکدەهێنن ، گوتار وێنە و بابەتی ڕەوانبێژی نییە کە دەکرێت بەدرێژایی مێژوو دوبارە بکرێنەوە و بەکاربهێنرێنەوە ، بەڵکو ژمارەیەکی دیاریکراوە لە دەربڕراوەکان کە خودی گوتارەکە توانای دانانی مەرجەکانی هەیە )) (بغوره ، 2000: 95) مەبەستی فۆکۆ لە دەربڕراو کرۆك و نەواتی گوتارە ، واتە بناغەی گوتار کە هەرگیز ناتوانرێت دەستکاری بکرێت .

گوتار بەکارهێنانی زمان و ڕووبەڕووبوونەوەیە بە زمان لەنێوان قسەکەر و گوێگردا بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێك، تێگەیشتن لە نێوان قسەکەر و وەرگردا بەپێی زمانی هاوبەشی نێوانیان ڕوودەدات ، واتە پێویستە قسەکەر و وەرگر هەبن و ئارەزووی پەیوەندی و لێکگەیشتن هەبێت لە نێوانیاندا گەرنا ئەوا گوتار دروست نابێت. پشتبەستوو بە بۆچونی دێرینەکان متەوەکل گوتار بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات بەپێی( ناوەڕۆك و گەیاندن). وەك لە هێلکاری ژمارە(4) دادیارە.




سەرچاوەی هێلکاری(السهول،2015: 235)

**هێلکاری ژمارە(4)**

دواتر جۆرێکیتر لە پۆلێنکردنی گوتاری خستەروو، کە بەپێی (بوار ،ئامراز ، ئامانج ، چۆنییەتی)بوو، هەڵبەت مەبەستی لە بوار بابەتی گوتارەکەیە ، مەبەستی لە ئامراز شێوازی گوتار و ئامانجیش ئامانج و هەوڵی گوتارەکەیە لەپێناو چیدایە؟ هەرچی چۆنیەتییە ئەوا خستنەڕووی گوتارەکەیە بەپێی ڕوونی و ئاشکرایی و نائاشکرایي (السهول،2015: 235) . وەك لە هێلکاری ژمارە(5)دا دیارە .




سەرچاوەی هێلکاری(السهول،2015: 235)

**هێلکاری ژمارە(5)**

گوتار، بەکارهێنانی زمانە بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و کارتێکردن، ئەم کردەیە لە بازنەی ئاخاوتندا ڕوودەدات، لەم ڕووەوە دەکرێت توخمەکانی ئاخاوتن توخمەکانی گوتار پێکبهێنن، کە ڕۆمان جاکۆبسون (R. Jacobson ) لەچوارچێوەی تیۆریی پێوەندیکردندا ( communication ) خستوونییەتەڕوو، ئامانجی جاکۆبسون لەتیۆرییەکە گەیشتنبوو بە تایبەتمەندییەکانی هەر سیستمێك لە سیستمەکانی پێوەندیکردن و ئەو هێمایانەی بۆ ئەنجامدانی کردەی پێوەندیکردن لە نێوان دووکەس یان دوگیانلەبەر یان دووگروپ و کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێن (خلیل،2010: 28 ) . بەلای (ویدۆسۆن)هوە، ئامانج لەئاخاوتن لای قسەکەر گەیاندنی پەیامێك و وەرگێنی وەڵامێکە لە گوێگرەوە، ئیتر لەشێوەی بیرۆکەیەك(idea) یان ڕوونکردنەوەیەك، یان هەر دەربڕینێکی تردا بێت، واتە وا لەگوێگر بکات بیر لە

شتێك بكاتەوە، ئەم ئالوگۆڕکردنەی بیروڕا لە نێوان قسەکەروگوێگردا پێی دەوترێت گوتار (Widdowson,2011:7) .

پێشتر ئاماژەمان بۆئەوەکرد گوتار چەندین جۆری هەیە، لەوانە : گوتاری ئاین، گوتاری سیاسی، گوتاری کۆمەڵایەتی، گوتاری شیعری، گوتاری زانستی، گوتاری ڕاگەیاندن . پەیوەست بە توێژینەوەکەمان گوتاری ڕاگەیاندن مەبەستی ئەم پارەی توێژینەوەکەیە .

## 2.2 گوتاری ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن ستونێکی هەرە گرنگی پرۆسەی هۆشیاکردنەوەی کۆمەڵە، پێویستییەکی هەمیشەیی کۆمەڵگایە بۆ بەئاگابوون لە ڕاوداوه جۆراوجۆرەکانی ژیان (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوری، زانستی....). توێژینەوە لە ڕاگەیاندن لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستپێیکرد ، دەستپێکی توێژینەوە لە ڕاگەیاندن لەلایەن هەردوو قوتابخانەی بنیاتنەرەکان و ڕەوشتییەکانەوە بوو، بەشێوەیەك سەرچاوەی داڕشتنەوەی چەمك و میتۆد و تیۆری کارکردنیان لە ڕوانگەی هەردوو قوتابخانەی بنیاتی و ئەرکییەوەبوو . (شومان،2007: 21). سەرەتا توێژینەوەکان گرنگیان بە کاریگەری ڕاگەیاندن دەدا لەسەر خەڵك، دیراسەی خەڵکیان دەکرد زیاتر وەك ڕاگەیاندن، واتە لایەنی ناوەڕۆك و پەیامی ڕاگەیاندنیان پشتگوێ خستبوو، لەکاتێکدا ئەوە ئامانجی سەرەکی پەیامی ڕاگەیاندنەکانە . تەنانەت لە پەنجاکانیشدا کە توێژینەوە لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن دەسپێکرد بەتایبەتی توێژینەوەکانی بیریلسۆن ( Berelson)گرنگیان بە چەندێتی(Quantity) ناوەڕۆکەکەدەدا نەك چۆنییەتی( Quality). تۆمپکنس دوو هۆکار بۆ ئەو دیاردەیە دەستنیشان دەکات : یەکەمیان گرنگی نەدانی گۆڤارە زانستییەکانە بە چۆنییەتی توێژینەوە، دووەم کەمی شارەزایی لە شیکارکردنی ناوەڕۆکی چۆنیی توێژینەوەکان ، (Tompikns,1994:44-50) . دواتریش هۆکاری سێیەمی بۆزیادکرا ئەویش کارکردنی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندنە بەپێی میتۆدەکانی بنیاتگەری و ڕەوشتی . بایەخی تەواو بە ناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیاندنەکان لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستپێیکرد، سەرەتاش لە تێڕوانینی تاکە کەسی توێژەرەوەکانەوەبوو، بەڵام دواتر کاریگەری پەیام و گوتاری دەقەکان لە شیکارکردنەکاندا دەرکەوت . پێشتریش لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە گرنگیدان بە لایەنی چۆنییەتی لە پەیامی ڕاگەیاندندا جێی بایەخ و گرنگی بوو .

جۆری گوتار یەکێکە لە گرفتەکانی شیکاری گوتار، بۆنمونە شێوازی شیکاری گوتاری سیاسی جیاوازە لە شیکاری گوتاری کۆمەڵایەتی یان ئایینی ...تد، ئەمە لە گوتاری ڕاگەیاندندا زیاتر جیاوازە چونکە میتۆدی شیکارکردنی گوتاری ڕاگەیاندنی بینراو، جیاوازە لە شیکارکردنی گوتاری ڕاگەیاندنی بیستراو ...تد

گوتاری ڕاگەیاندن : بەرهەم و بنیاتێکی زمانییە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری هەیە، ئامانجی کارتێکردنە لە وەرگر و ئاراستەکردنی بیروڕاکانی، لەڕێی بڵاوکردنەوەی (هەواڵ ، ڕاپۆرت ، وتار ...تد)ی زمانیی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی بنیاتێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری دیاریکراودا، لەکایەی زمانی گوتاری ڕاگەیاندندا چەندین ستایل هەیە وەك ستایلی هەواڵ ، ستایلی شیکارکردن کە زیاتر لە نووسینی وتاری سەرەتا و سەرنووسەر، ستایلی پەسنکردن کە لە وەسفکردنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا بەکاردێت (التميمي،2019 :92)، گوتاری ڕاگەیاندن جۆرێکی کارایە لە جۆرەکانی پێوەندیکردن، کە کاریگەری زۆری لەسەر وەرگر هەیە، لەڕووی هۆشیارکردنەوە و دونیابینی و تێڕوانینی بۆ داهاتوو، لەڕێی ئەو تەکنیك و ئامراز و تەکنۆلۆژیایەی بەکاریدەهێنێت (صويلح،2015 : 183). بەمەش گوتاری ڕاگەیاندن چەند بنەمایەکی دەبێت، لەوانە :

- زمان، کە لە کۆمەڵێك سیستم پێکدێت سەرچاوەی سەرەکیی بنیاتنانی پێوەندییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا .
- ڕاگەیاندن لە کایە و دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا فەراهەم دەبێت، بە بێبوونی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی لە شێوەی تیۆریدا دەبێت و کاریگەری نابێت، لەبەر ئەوە بنەمایەکی گرنگی گوتاری ڕاگەیاندن بوونی بنیاتێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری دەروونییە، کە پایەیەکی گرنگی مەعریفەن و لە ناوەڕۆکی دەقەکانی ڕاگەیاندا هەن .
- پێوەندیکردن وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی گرنگ و هۆکاری ڕاگەیاندن بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی پێوەندیکردن، چ بینراو بێت یا بیستراو یان بینراو و بیستراو .
- گوتاری ڕاگەیاندن توانای کاریگەری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و کارکردنەسەر بیروڕاو ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژییەتیان هەیە .(سەرچاوەی پێشوول:183) .

گوتاری ڕاگەیاندن کردەی وێناکردن و باوەڕهێنانە بە واقیع، هونەری درککردنی پێشبینەیە بەوەی دەبێت ببێت، گوتاری ڕاگەیاندن سیستمێکە لە چەمك و وێناکردن و پێشنیاز و گوتن، خاوەنی لۆژیکێکی ناوەکییە، ئامانجیشی باوەڕپێهێنان و ڕازیکردنی

خەڵکە بە وتراوەکانی. بەوشێوەیە گوتاری ڕاگەیاندن دەبێتە چەند دەقێك، کە بە فۆرمی تایبەت بەرهەم دەهێنرێت و بڵاودەکرێتەوە و پێشوازی لێدەکرێت، بە مەبەستی درککردن بە واقیعی کۆمەڵایەتی . گوتاری ڕاگەیاندن زمانی بەکارهێنراوە لە ڕێوڕەسم و بۆنە و مومارەسەی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە. گوتاری ڕاگەیاندن کردەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ هەماهەنگی و کارلێکی نێوان ڕووداو و بیر و ئایدۆلۆژییەت لەلایەك و بنیاتی مەعریفی نووسەر کە کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لە کردەی هەڵبژاردنی هێما و وشە و یەکە زمانیەکان و بەرهەمهێنانی دەقدا، بەجۆرێك گوزارشت لەو ڕووداو و بیرانە دەکات و هەوڵی بەدەستهێنانی وەڵامدانەوەیە لەلایەنی ئەوانیتر ، کە دەکرێت لەگەڵیاندا هاوڕا یان جیاوازبێت . (ابومزید،2012: 7) .

لە نمونە (6)دا گوتار خاوەنی دروستەی زمانیی تەواوە کە خۆی لە بوونی ئارگومێنتە سینتاکسییەکان و پۆلەرەگەزی فەرهەنگییەکاندا دەبینێتەوە، بەبەشداری ڕەگەزەکانی گوتار(نووسەر(قسەکەر)، خوێنەر( گوێگر) بەپێی پۆلێنی دووەمی متەوکل، لەجۆری گوتاری سیاسی و بەشێوازی شیکار ، ئامانجیشی کارتێکردن و ڕازیکردنە، چۆنییەتی خستنەرووش ڕوون و ئاشکرایە .

بەلای هەندێکەوە گوتاری ڕاگەیاندن کۆی پرۆسەی بەکارهێنانی زمان و بابەتە ڕەوانبێژییەکانە بەشێوازێکی تایبەت لە ڕاگەیاندندا ((زانایانی زمان دەمێکە بایەخیان بە بنیاتی زمانی ڕاگەیاندن داوە، وەك دروستەی ڕستە و یاسا سینتاکسییەکان و بابەتە ڕەوانبێژییە بەکارهاتووەکان لە زمانی ڕاگەیاندندا، هەروەها گفتوگۆیان سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی بنیاتی زمان و ڕەوانبێژییان لە زمانی ڕاگەیاندندا کردووەوە، ئەوەی ئەمڕۆ بە گوتاری ڕاگەیاندن ناسراوە)) (شومان،2007: 36) .

**3.2 ڕەگەزەکانی گوتاری ڕاگەیاندن**

گوتاری ڕاگەیاندن دووبارە بنیاتنانەوەی واقیعە لە دروستەی زمانیدا و بنیاتی پەیکەریی بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لەخۆدەگرێت، چونکە هەموو گوزارشتکردنێك ئامانج ومەبەستێکی لەپشتەوەیە، گوتاری ڕاگەیاندن چەند ڕەگەزێکی هەیە، یارمەتیدەرن لەشیکارکردنی گوتاردا، شیکاری گوتار گەلێ لایەنی ئەرێنی هەیە، کە بەبێبوویان شیکاری ئەو لایەنانەی گوتار بە شاراوەیی و نەزانراوی دەمێننەوە . وەك شیکارکردن و لێکدانەوەی دەق و خستنەڕووی ئاستی چۆنی دەقی ڕاگەیاندنەکە. هەروەها پشتیوانی ئاراستەی ئایدۆلۆجییەت بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی قوتابخانەی ئەمریکایی، کە زیاتر بایەخ بە لایەنی چەندی دەدات لە گوتاری ڕاگەیاندندا . شیکاری ڕۆڵی قسەکەر نووسەر، دەوروبەر، وەرگر، لە دەقی ڕاگەیاندندا لایەنیکیتری بایەخی گوتاری ڕاگەیاندنە، بەمەش سنووری چەندی تێدەپەڕێنێت و ئەوە دەخاتەڕوو کە دەق نەیتوانیوە بیخاتەڕوو . لەو ڕەگەزانەش :

- پێویستە گوتاری ڕاگەیاندن پەیوەست بێت بە ڕووداوێك، واقیعێك، چ تایبەت وکەسی بێت، یان لەسەرئاستی گشتی بێت.
- بەرهەمهێنەری دەق هەبێت، تاك بێت یان کۆ کە توانای درککردنی پێشینەی(پێشبینیکردنیان) هەبێت،ئامانجیشی ڕازیکردنی ئەوانیترە لەسەر هەڵوێست و ئاراستە و ئایدۆلۆژییەتەکان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا.
- پێوەندی و مشتومڕی لایەنەکان لەسەر ڕووداو و هەڵوێست و بیروڕاکان ، پێویستییەکانی سەلماندن لە بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان لەکاتی خستنەڕوودا . (ابومزید،2012: 8).

**3- میتۆدەکانی شیکارکردنی گوتاری ڕاگەیاندن**

گوتاری ڕاگەیاندن بە چەندین میتۆد و تیۆریی شیکاردەکرێت، دیارترینیان :

- میتۆدەکانی شیکاری زمانیی و گوتاری ڕاگەیاندن .
- قوتابخانەی فۆکۆ بۆ شیکاری گوتاری : زۆرینەی ئەو زمانەوانانەی کاریان لە شیکاری گوتاری ڕاگەیاندنداکردوە لە توێژینەوەکانیاندا سودیان لە بۆچوونەکانی فۆکۆ وەرگرتووە،(شومان، 2007: 56 ).
- شیکاری سیمۆلۆژیانەی گوتاری ڕاگەیاندن : گرنگیدان بە سیمۆلۆژیای گوتاری ڕاگەیاندن لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات و لە بایەخدان بە فۆتۆی ڕیکلامەکانەوە سەرچاوەیگرت ، دواتر دوو ئاراستەی سەرەکی لێبووەوە ، یەکەم لێکۆڵینەوەی شیکار و لێکدانەوەی زمانیی و ڕەوانبێژی کە ڕۆلان بارت ڕابەرایەتی دەکردن دواتر چەندین میتۆدی تر سەریهەڵدا وەك میتۆدی بنیاتگەری کە( لوی بورشر) ڕابەرایەتیدەکرد و میتۆدی هێماکاری گێڕانەوە کە (فلوش) ڕابەرایەتی دەکرد(سەرچاوەی پێشوو: 57) .

میتۆدەکان زۆرن بۆ زیاتر بڕوانە(فارکلوف،2009: 432)، لەبەر گرنگی تیۆرییەکە کە لە 1-1 – ئەم توێژینەوەیەدا ڕوونکراوەتەوە، پێڕەوکردنی وەك میتۆدی شیکاری زمانیی گوتاریۆ توێژینەوەکە بە پەسەند زانرا .

**1.3 تیۆریی سینتاکسی ئەرکی و شیکارکردنی گوتاری ڕاگەیاندن**

گوتار بەکارهێنانی زمانە بە مەبەستی ڕوونکردنەوە، هەر بەکارهێنانێکی زمانیش بە ئاراستەی ڕوونکردنەوە بێت هەڵبەت لە چەندین ڕستە پێکدێت، بۆیە بەپێی تیۆریی سینتاکسی ئەرکی گوتاری ڕاگەیاندن لەچەندین ڕستە پێکدێت، ڕستەکان دوولایەنیان هەیە : یەکەم پێکهاتە و بنیات کە بنیاتی دەنگی و وشە و سینتاکس دەگرێتەوە و لایەنی شوێن و دەوروبەر، کە بنیاتی واتایی (سیمانتیك و پراگماتیك) دەگرێتەوە، واتە بەپێی سینتاکسی ئەرکی ڕستە دووبنیاتی هەیە بنیاتی زمانیی و بنیاتی ئەرکی واتایی . وەك نمونەی 12 :

12- بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ژیانی کۆمەڵگاکان هێشتا لە سەرەتای سەرەتاکاندایە و ئەوەی هەیە و دەگوترێت جگە لە کۆمەڵێک ڕا و هەندێک چاوەڕوانیی تایبەت زیاتر نییە. کەسانێک هەن باس لەوەدەکەن دونیای دوای تەواوبوونی ئەم ڤایرۆسە هەمان دونیای بەر لە هاتنی ئەم ڤایرۆسە نابێت، نە سیستمی نێودەوڵەتیی، نە ئابوریی، نە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، هیچیان وەک خۆیان نامێننەوە. کەسانێکی تر هەن تا ئەو شوێنە دەڕۆن و باس لە کۆتایی کاپیتالیزم و هاتنەکایەی دونیایەکی تەواو تازەدەکەن، کە بە دونیای سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ناویدەبەن، بەڵام سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمێک جیاواز لەوەی لە سەدەی بیستەمدا بینیمان. مەریوان وریا

لە(12)دا چەندین ڕستە هەن بنیاتی سینتاکسییان دروست و واتا و مەبەستی ڕاستیان هەیە، ، بەپێی تیۆریی سینتاکسی ئەرکی لە گوتاردا هەر سێ جۆری ڕستە، ڕستەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆز هەن، بنیاتی زمانیی ڕستەش پێکهاتیلەیەکی ناو پێکهاتەی سینتاکس و لە سینتاکسیشدا خاوەنی باڵاترین پێکهاتەیە،(مەعروف،2009: 26 )، جۆرەکانی ڕستە لە گوتاردا لە نمونەی (12) و لە شیکاری ڕستەکانی(13-14-15-16)دا دەخەینەڕوو.

یەکەم : ڕستەی سادە کە یەك ڕوداوی تێدایە ، وەك نمونەکانی 13-14 :

13 - کەسانێک هەن.

14- بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ژیانی کۆمەڵگاکان هێشتا لە سەرەتای سەرەتاکاندایە.

دروستەی ڕستەی سادە بە هۆی جێکەوتە سەرپشك و بەخورتییەکانەوە دەکرێت بۆ دوو جۆر دابەشبکرێت، ڕستەی سادەی بناغە و ڕستەی سادەی فراوان، [بۆ زیاتر بڕوانە(سەرچاوەی پێشوو: 27)] ، دروستەی ڕستەی 13 لە کردارێك و یەك جێکەوتە(کەسانێك) پێکهاتووە، کەواتە لە جۆری ڕستەی سادەی بناغەیە، کەچی ڕستەی14 لە کردارێك بەڵام چەند جێکەوتەیەکی لەگەڵدایە(بیرکردنەوە ، دەرئەنجامەکان، ڤایرۆسی کۆرۆنا، ژیانی کۆمەڵگاکان) لەگەڵ ئەوەشدا ڕستەکە هەر سادەیە چونکە یەك ڕووداوی تێدایە، بەڵام لەجۆری ڕستەی سادەی فراوان .

دووەم : ڕستەی لێکدراو پێکهاتەیەکی سینتاکسییە، کردەی بەستن و لێکدانەوە دوو دروستەی هاوتا و خاوەن هەمان کەتیگۆری سینتاکسی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئامرازی بەستنەوە و لێکدانەکان دەکرێت سادە( و، بەڵام ، ...)یان ناسادەبن وەك(یان..یان. نە...نە...)(محەمەدئەمین،2015: 77) بەپێی تیۆریی سینتاکسی ئەرکی ڕستەی لێکدراو دوو ڕوداوی تێدایە .وەك نمونەی15-16 :

15- کەسانێکیتر هەن تا ئەوشوێنەدەڕۆن .

16- دونیای دوای تەواوبوونی ئەم ڤایرۆسە هەمان دونیای بەر لە هاتنی ئەم ڤایرۆسە نابێت، نە سیستمی نێودەوڵەتیی، نە ئابوریی، نە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، هیچیان وەک خۆیان نامێننەوە .

دروستەی ڕستەی15 ڕستەیەکی لێکدراوە چونکە دوو ڕووداوی تێدایە، دروستەی ڕستەی 16 یش بەهەمان شێوە لێکدراوە بەڵام چەندین جێکەوتە لەگەڵ ڕووداوەکاندا هاتوون، لە دروستەی هەردوو ڕستەدا ئامرازی بەستنەکان(تا ، نە...نە...) کردەی لێکدانی ڕستەکانیان ئەنجامداوە .

سێیەم ڕستەی ئاڵۆز: لەڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەکی شوێنکەوتوو پێکدێت، دەکرێت ڕستەی شوێنکەوتوو لەناوڕستەی ئاڵۆزدا شکابێتەوە، دەشکرێت هەردوو ڕستە تەکنشین بن، گرنگ ئەوەیە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو خاوەنی سینتاکسی سەربەخۆن و دەکەونە ژێر ڕکێفی سەرێکی حوکمکاری(کردار و کات و کەس) ی خۆیانەوە ، بەڵام زۆرجار بەرجەستەنەکردنی کەرەستەی فەرهەنگی بکەری ڕستە تەواوکارییکە بە(pro ) ئاماژەی بۆ دەکرێت بەڕەگەزێك(بکەر، بەرکار)ی ڕستە سەرەکییەکەوە بەستراوەتەوە .(مەحوی،2001: 185) . دەشکرێت لە هەردوو ڕستەی سەرەکی و شوێنکەوتوی ڕستەی ئاڵۆزدا کەرەستەی بکەری بەرجەستەنەبوو بە(pro)ئاماژەی بۆبکرێت. وەك ڕستەی 17 :

17- باس لە کۆتایی کاپیتالیزم و هاتنەکایەی دونیایەکی تەواو تازەدەکەن، کە بە دونیای سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ناویدەبەن . مەریوان وریا

Pro باس لە كۆتایی كاپیتالیزم و هاتنەكایەی دونیایەكی تەواو تازەدەكەن، كە Pro بە دونیای سۆسیالیزم و كۆمۆنیزم ناویدەبەن . وەك لە هیلكاری ژمارە(6)دا ڕووندەبێتەوە.




**هێلكارە ژمارە(6)**

بەپێی بنیاتی واتاش ئەوا ئەرك و مەبەستی پێوەندیكردن كە ڕۆڵی هەیە لە بنیاتی زمانی گوتاردا، بەهەمان شێوە ڕۆڵی لە بنیاتی واتاشدا هەیە، واتای سێمانتیكی لە پێكهاتی واتایی كەتیگۆرییە فەرهەنگییەكانەوە سەرچاوەدەگرێت و واتای پراگماتیكیش بەپێی دەوروبەری پێوەندیكردنەكە دەستنیشان دەكرێت . بەو پێیە سێ جۆر پێوەندی لەنێوان پێكهێنەرەكانی ڕستەدا هەن : پێوەندی بنیاتی زمانی لە نێوان(بكەر و بەركار....)و پێوەندی سێمانتیكی لە نێوان(جێبەجێكار و لەسەر جێبەجێكراو)، پێوەندی پراگماتیكی لە نێوان(بكەرو و بەركار لەگەڵ دەروبەر)، چونكە فرێزی(دونیای دوای تەواوبوونی كۆرۆنا)كۆمەڵێك پێشگریمانە لای گوێگر دروست دەكات لەوانە(سەردەمێك هەیە بەناوی سەردەمی كۆرۆنا، لەو سەردەمەدا ڕووداوگەلێك هەبووە بوونەتە هۆی ئەوەی جیاوازبێت لەسەردەمی دوای خۆی.....تد) دیارە پێشگریمانەش سەرچاوەیەكی گرنگی فەراهەمبوونی واتای پراگماتیكییە . وەك ڕستەی 18 كە لە هێلكاریی ژمارە(7)دا خراوەتەڕوو:

18- كەسانێك باس لە دونیای دوای تەواوبوونی كۆرۆنا دەكەن .




**هێلكاری ژمارە7**

دروستەی سینتاكسی ئەركی لەشەش قاڵب [ ] پێكدێت، قاڵبەكان بریتین لە :

[ كۆمەڵایەتی ] ، [ لۆجیكی ] ، [ سینتاكسی ]

[ دركردن ] ، [ ڕەوانبێژی ] ، [ مەعریفی ]

چەق قاڵبەكان سینتاكسە و ئەو قاڵبانەیتری تیۆری سینتاكسی ئەركی كارلێك لەنێوانیاندا دروست دەكەن، لەپێناو بەهێزكردنی توانای پێوەندیكردنی قسەكەر كە خاوەنی پێنج (توانستی ئاوەزی)یە (الملكة)(Linguistic Faculty)، دەشكرێت زیادبكرێن(مليطان،2014: 22)( زمانی ، لۆجیكی ، كۆمەڵایەتی ،مەعریفی، دركردن، داهێنانكارانە)(الشهري،2004: 57)، هەر توانستێكی ئاوەزی بەرانبەر بە قاڵبێك دەوەستێتەوە پێوەندی دووسەرە لەنێوانیاندا دروستدەبێت . بەم شێوەیە :

- توانستی ئاوەزی زمانی : بەپێی ئەو توانایە توانستی ئاوەزی زمانی قسەكەر لەئاستێكدایە، دەتوانێت ڕستەو گوتنێك بەرهەمبهێنێت بۆ ئەو دەوروبەرە شیاو بێت كە تێیدا بەكاردەهێنرێت . یاسای ژمارە 1

یاسای ژمارە(1)>>سینتاكس << ⇄ توانستی ئاوەزی زمانی ←

بەرهەمهێنانی دەربڕراوی جۆراوجۆر بەپێی پێویستی پێوەندیكردن 18ا- دونیای دوای تەواوبوونی ئەم ڤایرۆسە هەمان دونیای بەر لەهاتنی ئەم ڤایرۆسە نابێت . مەریوان وریا

ڕستەی 18ا خاوەنی دروستەیەكی زمانی تەواوە، كردار حوكمی جێكەوتەكان دەكات و لەڕووی ڕیزمانەوە بەپێی پێویستی كردارەكەن، لەڕووی واتایشەوە هەڵبژاردن و ڕیزكردنی یەكە زمانییەكان، كە ڕەنگدانەوەی كارلێكی توانستی ئاوەزی زمانی قسەكەر لەگەڵ سیتاكسدا توانایەكی بەهێزیان بەنووسەر بەخشیوە لە بەرهەمهێنانی دەربڕینێكی كاریگەر بەپێی پێویستی دەوروبەر و پەیامی ئاخاوتنەكە، تێیدا بۆنمونە دووبارەبوونەوەی فرێزی(ئەم ڤایرۆسە) دەربڕینەكەی جوانتركردووە لەكاتێكدا زۆرجار دووبارەبوونەوە دەربڕین لاواز دەكات .

- توانستی ئاوەزی دركردن : توانای دركردن وپەیبردن بە مەعریفە و چۆنییەتی بەكارهێنانی ئەو مەعریفانە لە بەرهەمهێنانی زماندا لە خۆدەگرێت. یاسای ژمارە2

یاسای ژمارە2 >>سینتاكس<< ⇄ توانستی ئاوەزی دركردن ←

دركردن وپەیبردن بە مەعریفە و چۆنییەتی بەكارهێنانی

دركردن توانای تێگەیشتنە لە واتای شتەكان و وەرگرتنی زانیارییە لەبارەیانەوە و هەڵگرتنیانە لە ئاوەزدا، كارلێكی توانستی ئاوەزی دركردنی قسەكەر لەگەڵ زانیاریی زمانی لە دروستەی سینتاكسی (نمونەی18ب) دا وتەیەكی پڕ مەعریفەی

بەرهەمهێناوە، کە خواستی نووسەرە بۆ گوزارشتکردن لە واقیعی سیستەمێکی سیاسی .

18ب- لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا نە کەپیتالیزم لە ناودەچێت و نە کۆمۆنیزم جێگای کەپیتالیزم دەگرێتەوە . مەریوان وریا

- توانستی ئاوەزی کۆمەڵایەتی : ئەم جۆرەی توانانستی ئاوەزی یارمەتی بەکارهێنەری زمان دەدات چی بڵێت و لەکوێدا و لە چی دەوروبەرێکدا بیڵێت و بۆ کێی بڵێت . یاسای ژمارە3

یاسای ژمارە 3 >>سینتاکس<< ⇄ توانستی ئاوەزی کۆمەڵایەتی ←

پێوەندیکردن بەکەسی دیاریکراو بەپێی دەوروبەری دیاریکراو 18پ- "کۆمەڵگای خەندە" کۆمەڵگایەک کە تاک و گروپەکانی بێخەم و دەم بەخەندەن، جگە لە شادیی و هەڵپەرکێ هیچ خەمێکی تریان نییە .

توانستی تاک دابڕاونییە لە کۆمەڵ و دیاردەکۆمەڵایەتییەکان، ئەمە یەکێک بوو لەڕەخنەکانی (Del Haimz) لە چەمکی توانست لای چۆمسکی، هەر بۆیە ئەرکییەکان جەخت دەکەنەوە لە ڕۆچوونی بارە سۆسۆلۆجییەکان تەنانەت بە ناخی پێڕەوی زماندا تا ڕادەی سەرچاوەی فەراهەمبوونی توانستی ئاوەزی کۆمەڵایەتیی، هەربۆیە لە نموونەی( 18پ) دەسەڵاتشکاندنەوەی توانستی کۆمەڵایەتی کە هەڵوێستی قسەکەر لە سەرزەنشتکردنی کۆمەڵ بە واتای پراگماتیکی بەسەر دروستە و بنیاتی زمانییدا ئاشکرایە، ئەمەیش بناغەی کاری سینتاکسی ئەرکییە(بۆزیاتر بڕوانە1984.Foley&Van Valin ) .

- توانستی ئاوەزی لۆجیکی : توانای بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفەی نوێ لەڕێی زانیارییە کۆنەکانەوەیە ، بە گوێرەی بەڵگە و ساغکردنەوەی یاسایی (محەمەد،2012: 19 ) . یاسای ژمارە 4 .

یاسای ژمارە 4 >>سینتاکس<< ⇄ توانستی ئاوەزی لۆجیکی ←

بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفەی نوێ لەڕێی زانیارییە کۆنەکانەوە

لە نمونە و هێڵکاری(8)دا توانستی ئاوەزی لۆجیکی نووسەر بە کارلێک لەگەڵ زانیاری کۆن و نوێ و دۆخێکی هەستیاری کۆمەڵگا هاندەربووە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو بنیاتەی گوتار.

بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ژیانی کۆمەڵگاکان — هێشتا لە سەرەتای سەرەتاکاندایە

زانیاری کۆن (باس) — زانیاری نوێ(خواس)

**هێلکاری(8)**

- توانستی ئاوەزی مەعریفی: بەپێی ئەم توانستەئاوەزییە قسەکەر یادگەی درێژخایەن[بۆ جۆری یادگەکان بڕوانە( مەحمود،2012: 77) ] کارا دەکات و زانیاری ورد کۆدەکاتەوە و لە و یادگەدا هەڵیاندەگرێت، یاسای ژمارە 5

یاسای ژمارە 5 >>سینتاکس<< ⇄ توانستی ئاوەزی مەعریفی ← کۆکردنەوە و کۆگاکردنی زانیاری

- توانستی ئاوەزی داهێنانکارانە : کۆمەڵێک توانای ئەدەبین، یارمەتی قسەکەر دەدەن لە بەرهەمهێنانی گوتاری داهێنانکارانەدا . یاسای ژمارە 6

یاسای ژمارە 6 >>سینتاکس<< ⇄ توانستی ئاوەزی داهێنانکارانە ← بەرهەمهێنانی گوتاری داهێنانکارانە .

قاڵبەکان جودا و سەربەخۆن، بەڵام پێوەندی پتەو و کارلێک لەنێوانیاندا هەیە، بەرادەیەک کارلێکدەکەن کە دەرکردەی قاڵب(out puts) و پێکهاتەیەک دەکرێتە تێکردەی(in put)قاڵبێکیتریێت0(المتوکل،2001: 38)، هەربۆیە نمونەی(12) کە پاراگرافێکە تەواوی قاڵبەکانی تێدابەرجەستەدەبێت بەپێی یاساکان(1-6)، لە کایەیدا هەرسێ جۆری ڕستەی سادە لێکدراو ئاڵۆز هەن، دروستەی هەر ڕستەیەک بەپێی پێویستی کردار و مەبەستی قسەکەر(نووسەر) لەکردەی پێوەندیکردندا جێگەوتەی هەیە. بۆنمونە دەوروبەری ئاخاوتن(نووسین) و مەعریفەی نووسەر هێزی ڕەوانبێژی، چۆنییەتی بەکارهێنانی پۆلە فەرهەنگییەکانی (سیستەمی نێودەوڵەتی، نە ئابوری، وردەکاری ژیانی ڕۆژانە) لە بنیاتی ڕستەکاندا بەمەبەستی کارکردنەسەر خوێنەر(گوێگر)و کۆگاکردنی زانیارییەکان لە یادگەی قوڵدا کاریگەریی تەواویان لەسەر گوێگر (خوێنەر) هەیە . یاساکانی ژمارە(5-6).

بەمەبەستی خستنەڕووی کارلێکی قاڵبەکان و وەستانەوەی توانستە ئاوەزییەکان بەرانبەریان سیمون دیك (نمونەی پێوانەیی) دەخاتەروو، کە بریتییە لە قسەکەر(بەرهەمهێنەری گوتار)کە بە بەکارهێنەری زمان ئاماژەی بۆ کردووە، وەرگر ( وەرگری گوتار) و شوێنی گوتار،وەك لە هێلکاری ژمارە(9)دا دیارە:




**هێلکاری ژمارە(9)**

هێلکاری ژمارە(9) ، نمونەی سەرەکیە و سیمۆن دیك دایناوە، ئاماژەی بە توانستی ئاوەزی نەکردووە بەڵام دواتر ئەلمتەوکل دووبارە دارێشتۆتەوە ئاماژەی بە دووخاڵ کردووە کە لە نمونەی سیمۆندا نییە، یەکەم ئەو قاڵبانە وەك سیمۆن دەڵێت بۆ دەستنیشانکردنی توانستە ئاوەزییەکانی قسەکەرە، ئینجا پێوەندی و کارلێك لە نێوان قاڵبەکان و توانستەئاوەزییەکاندا هەیە، لەبەرئەوە دەبوو لە هێلکارییەکەدا رەنگبدەنەوە، ئەوەی نمونەکەی دیك لە ئەلمتەوکل جیادەکاتەوە، بەپێی بۆچوونی دیك لەرێی قاڵبەکانەوە توانستەئاوەزییەکان دەستنیشان دەکرێن، بەڵام بەلای ئەلمتەوکلەوە توانستەئاوەزییەکان هەن تەنها کارلێك لەگەل قاڵبەکاندادەکەن، ئەوەش لەپێناو بەهێزکردنی توانای گوتار و هێزی رەوانبێژی قسەکەر لە بەردەوامی پێوەندیکردندا. بەبۆچوونی ئێمە توانستەئاوەزییەکان هەن و لەگەڵ سینتاکسدا کارلێکدەکەن وەك لە یاساکانی(1-6) سەلمێنراوە. لەو رووەوە ئەلمتوەکل هێلکاریی ژمارە(10) پێشنیاز دەکات(المتوکل، 3003: 21)

.




سەرچاوەی هێلکارییەکە( جمیات،2016: 36 )

**هێلکاری ژمارە(10)**

(ئەلمتەوەکل) لە 2003دا نمونەیەکی نوێی بە ناوی (بنیاتی نمونەیی گوتار) هوە پێشکەشکرد، بەپێی ئەو نمونەیە رۆنانی ژێرەوەی گوتار لە سێ ئاست پێکدێت:

- ئاستی راگەیاندن و پەیام کە لە سێ چین پێکدێت (ناوەندی ئاماژەکار ، جۆری گوتار ، شێوازی گوتار) .
- ئاستی پراگماتیك، کە چینەکانی (داواکاردن و راپەراندن و فۆرم) دەگرێتەوە .
- ئاستی سیانتیك، چینەکانی (چێوە و وێناکردن و پەسنکردن ) دەگرێتەوە.

ئەو ئاستانە و چینەکانی لە شێوەی هێلکاری (7) دا خراونەتەروو .

بەپێی (بنیاتی نمونەیی گوتار)ی متەوەکل، لە رۆنانی ژێرەوەی گوتاری راگەیاندنی کوردیدا هەموو ئاستەکان هەن و دواتر دەگوێزرێنەوە بۆ رۆنانی سەرەوە و لەرێی یاسا دەنگییەکانەوە دەردەبردرێن، هێلکاری(7) بەم شێوەیە:

بنەماکانی ئاستی راگەیاندن لەنمونەی(12)دا = [ئا] [نووسەر(قسەکەر)، خوێنەر(گوێگر)..] [ج] [باس و لێکدانەوەی(کۆرۆنا)] [شێ] [شێواز، نافەرمی، شیاو]. هەرچی ئاستی پراگماتیکە[ئا] [ئاگادارکردنەوە، [مەترسی کرۆنا، باسی کەسان ....] [را ] [بەڵێن و پەیمان .. ] [فۆ][فۆرم] ، هەڵوێستی نووسەر: بەبۆچوونی من ....] ئاستی سیانتیك[پەسنکردنی زمانی بیرەکان] . ئەو سیما و تایبەتمەندییانە پێوەندی و تێکچرژانێك لە نێوانیاندا دروست دەبێت بەشێوەیەك کە دەبنە بنەمای کارکردنی یاساکانی دەربرین، کە رۆنانی ژێرەوە دەگوێزێتەوە بۆ رۆنانی سەرەوە و بە پێی یاسا دەنگییەکان دەردەبرردرێت و لێکدەدرێتەوە . وەك لە هێلکاری ژمارە (8)دا دەردەکەوێت .




سەرچاوەی هێلکاری(ملیطان،2014: 24)

**هێلکاری(11)**

لە هێلکاری ژمارە(10)دا لە ئاستی راگەیاندندا(ئا) هێمایە بۆ ئاماژە و بۆ بەشداربووانی گوتار (قەسەکەر، گوێگر )کات و شوێنی گوتار ، (ج) هێمایە بۆ جۆری گوتار (گێرانەوە ، باس ، دەق ...) (شێ) هێمایە بۆ شێواز( فەرمی ،

نافەرمی ، شیاو و .... هەرچی چینی پراگماتیکە ئەوا سیمای ئاگادارکردنەوە, کە بە ئامرازەکانی بانگکردن (ئەی ،ێ ،ە) بەجێدەهێنرێت و سیمای ڕاپەڕاندن ، کە بە دەربڕینەکانی(بەڵێن، پەیمان، ناونان ....) بەجێدەهێنرێت و سیمای دروستەیی هەڵوێستی قسەکەر لەسەر گوتارەکەی دەگرێتەوە (گومان، دڵنیابوون، سەرسوڕمان، پێداهەڵدان، داشۆرین...).

چینەکانی ئاستی سیمانتیکیش ئەوا (چی) کە ئاماژەیە بۆ چێوە و زیاتر پێشگر و پاشگر... دەگرێتەوە ،(ج) ئاماژەیە بۆ سیمای کات و شوێن .. و (پە) ئاماژەیە بۆ پەسنکردن (ملیطان، 2014: 25) .

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد ئاستەکان بەتەنها کاردەکەن بەڵام پێوەندی و کارلێك لە نێوانیاندا هەیە، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجی و بنیاتی و دەگیبەکان سیما و خەسڵەتەکانی ئاستەکانی ڕەوانبێژی و پراگماتیکی و سیمانتیکی دەستنیشان دەکەن، بۆنمونە خەسڵەتەکانی ئاستی پراگماتیك بنیات و ڕۆنانی سەرەوە و پێکهاتەکان دەستنیشان دەکات، تایبەتمەندی چنین و دەربڕین بەپێی ئاواز و هێزی دەربڕینی ئەو پێکهێنەرەی نەوات و هەڵگری واتای پراگماتیکییە دیسانەوە لەلایەن ئاستی پراگماتیکەوەیە. یەکێك لە دەستکەوتەکانی سینتاکسی ئەرکی دابەشکردنی زمانانە بەسەر دوو گروپدا:

- یەکەم : گروپی ئەو زمانانەی لەسەر بنەمای پێکهاتەی پراگماتیکی بنیاتنراون .

- دووەم : گروپی ئەو زمانانەی لەسەر پێکهاتەی سیمانتیکی بنیاتنراون .

گروپی یەکەم گرنگی بەپراگماتیك و ڕەوانبێژی دەدات و بەلای متەوەکەوە زمانە ئاشکراکان و زمانانی گروپی دووەم زمانە نائاشکرا و شاراوەکان . (ملیطان،2014: 27) . وەك لە هێلکاری ژمارە( 9) دیارە

هێلکاری ژمارە(12)




لە بابەتە نوێیەکانی سینتاکسی ئەرکی دەستنیشانکردنی گەشەکردنی زمانانە بەپێی جۆر، وەك گەڕانەوەی زمانانی پراگماتیکی بنیاتنراو لەژێر هەژمونی هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی وەك(لەدەستدانی ئازادی ڕیزکردن)بۆ جۆری زمانانی سیمانتیکی بنیاتنراو ، لەکاتی ڕوودانی ئەم دیاردەیەشدا زمانان بەرەو دەربڕینی ئاشکرا دەگەڕێنەوە بەمەبەستی بەردەوامی کردەی پێوەندیکردن. وەك هێلکاری ژمارە(10) .




سەرچاوەی هێلکاری (ملیطان،2014 : 28)

**هێلکاری ژمارە(13)**

بەپێی تیۆری سینتاکسی ئەرکی لە پۆلێنکردندا، دەکرێت زمانان بەپێی پێویستی پێوەندیکردن بگوێزرێنەوە لە گروپی زمانانی پراگماتیك بنیاتنراوەوە بۆ گروپی زمانانی سیمانتیکی بنیاتنراو، هەڵبەت بنیاتی شاراوە و ئاشکرا لەو گوێزانەوەیەدا دەبێتە بناغە و پێوەری سەرەکی پۆلێنکردن . بەو پێیەی زۆربەی فۆرمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی مارکە لێنەدراون چونکە فۆرمەکان کەم و ناوەرك فراوان(مەعروف،2020: 44) ، فراوانبوونی مەودای فەرهەنگیان پەیوەستە بە بەکارهێنانیانەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە زمانی کوردی لە گروپی زمانانی سیمانتیکی بنیاتراوەکانە، هەر بەپێی تیۆری سینتاکسی ئەرکی و بەپێی بەکارهێنان دەکرێت زمانی کوردی بگوێزرێتەوە بۆ گروپی زمانانی پراگماتیکی بنیاتنراو .

**4. ئەنجامەکان**

- تیۆری سینتاکسی ئەرکی، لەیەك کاتدا کارکردن لەسەر دروستە و واتا کۆدەکاتەوە، پێوەری گرنگ لە تیۆرییەکەدا کردەی پێوەندیکردنە، هەژمونی کردەی پێوەندیکردن حوکمی دروستە و بنیاتی زمان و فەراهەمکردنی هەردوو جۆری ئەرکی سیمانتیکی و پراگماتیکی وتنەکان دەکات. کردەی پێوەندیکردنیش پشتبەستوو دەبێت بە دەوروبەرەجیاوازەکانی(زمانی، کات ، شوێن , هەڵوێستە جیاوازەکانی وەك هەڵوێستی مەعریفی ، ناوخۆیی ، دەرەکی)چونکە قسەکەر، نووسەر بەمەبەستی بەردەوامی پێوەندیکردن پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی زمان لەدەوروبەری پێویستدا .

- بەپێی تیۆری سینتاکسی ئەرکی ئەرك حوکمی بنیات دەکات، بەمەش بنیات ڕەنگدانەوەی ئەرکی زمان دەبێت، هەر جیاوازییەك لە دەوروبەری بەکارهێنانی زماندا بەجێهێنانی ئەرکی جیاواز فەراهەمدەکات و گۆڕانکاری لە بنیاتی زماندا بەرهەمدەهێنێت . ئەم ڕاستییە لە گوتاری ڕاگەیاندنی کوردیدا بەرجەستەبووە، بۆنموونە بەکارهێنانی ڕستەی باسمەند بەپێی پێویستی پێوەندیکردن، جێکەوتە بەئارەزوویەکانی کردارکە زۆرجار بەمەبەستی پراگماتیکییە.

- توانست لە تتیۆری سینتاکسی ئەرکیدا توانستی پێوەندیکردنە بەمەش توانستی زمانیی لای چۆمسکی تێدەپەڕێنێت، توانستی پێوەندیکردن دەکرێت بەکەرەستەی زمانیی و نازمانیی ئەنجام بدرێت لەکاتێکدا بەلای چۆمسکییەوە بەکارهێنانی توانستی زمانی بایەخ پێدراوە، بۆ ئەو مەبەستەش قسەکەری نمونەیی بەلایەوە پەسەندە لە هەڵێنجانی یاسا سینتاکسییەکاندا هەروەها توانستی پێوەندیکردن سەرباری فێربوونی زمان توانای بەکارهێنانی زمانیش بەپێی هەلوێستەکان بۆ منداڵ فەراهەمدەکات .

- تیۆری سینتاکسی ئەرکی کارلێکی نێوان دروستە و توانستی ئاوەزیی لای قسەکەر و بەکارهێنەری زمان دەخاتەروو، ئەوەش دەسەلمێنێت، کە توانستی ئاوەزی بەرانبەر بە قاڵبەسینتاکسییەکان دەوەستنەوە و پێوەندییەکی دووسەرە کۆیان دەکاتەوە . کارلێکی نێوان سینتاکس و توانستە ئاوەزییەکان ئافرێنەری یاساکانی(1-6)ن و هۆکاری بەهێزکردنی توانای ڕەوانبێژ و بەردەوامبوونی پێوەندی قسەکەرە. سەرجەمی یاساکانیش لە گوتاری ڕاگەیاندنی کوردیدا پێڕەودەکرێن. لەوڕووەوە نمونەی (دیك)ی هەموارکراو لەلایەن متەوەکلەوە و نمونەی (بنیاتی نمونەیی گوتار)ی خودی متەوەکل بەتەواوی لە گوتاری ڕاگەیاندنی کوردیدا هەن .

- لێکدانەوەی پراگماتیکی لە تیۆری سینتاکسی ئەرکیدا بەپێی هەڵوێستەکان و لەڕۆنانی ژێرەوەدا دەبن، هەر بۆیە کردەی ئاراستەکردنی واتای پراگماتیکی لەلایەن قسەکەرەوە لەڕۆناني ژێرەوەدا دەبێت و کردەی تێگەیشتنیش لە واتای پراگماتیکی لەلایەن گوێ گرەوە هەر لەڕۆنانی ژێرەوەدا دەبێت .

- بە پشتبەستن بە واتا(سیمانتیك و پراگماتیك) تیۆری سینتاکسی ئەرکیی شێوازێکیتری پۆلێنکردنی زمانان دەخاتەڕوو، ئەوەیش بە پۆلێنکردنی زمانان بۆ دووگرووپ، یەکەم: گرووپی ئەو زمانانەی بنیاتیان سیمانتیکیانەیە و زیاتر دەربڕینەکانیان شاراوە و نادیارن، دووەم: گرووپی ئەو زمانانەی بنیاتیان پراگماتیکییانەیە و زیاتر زمانە دەربڕین ئاشکراکان دەگرێتەوە بەوپێیەی زۆرینەی فۆرمە زمانیی و فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی واتا شاراوەن چونکە هەڵگری زیاتر لە واتایەکن، توێژینەوە کە سەلماندوویەتی زمانی کوردی بەپێی ئەو پۆلێنکردنە لە گروپی زمانانی سیمانتیکی دەربڕینە .

## 5. سەرچاوەکان

### 1.5 سەرچاوە کوردییەکان


1. ئیسماعیل،شیلان ئەحمەد(201) تێکردە بیرییەکان لەپەیکاڵبوونی فۆرم و واتادا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی .
2. فەرهادی ، ساجیدە عبدالله(2003) ڕستە و پاش ڕستە ، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
3. قادر، کاروان عومەر(2008) ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی ڕۆشنبیر، سلێمانی .
4. محەمەد، دارا حەمید (2012) شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
5. (2020 )دەق و گوتار چەمك و جیاوازی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین،ژمارە، ل253-273 .
6. (2020) بنیاتی زمان و واتا لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(7)ل25-44 .
7. محەمەد ئەمین، ئەمیر محەمەد(2016) وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر .
8. محەمەدئەمین، یوسف نوری(2015) ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی ئارین، هەولێر .
9. مەحوی، محەمەد(2001)ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی .
10. مەحوی، محەمەد وعومەر، نەرمین(2004)مۆدێلی ڕیزمانی کوردی، سلێمانی .
11. مەعروف، محەمەد و ڕەشید ، سەباح(2006) چەند لایەنێکی مۆفۆلۆجی کوردی، دەزگای بلاوکردنەوە بەشی ڕۆشنبیری، هەولێر .
12. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(2009)دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی .
13. (2020) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، سلێمانی .
14. یوڵ، جۆرج(2016) مەبەستناسی (پراگماتیك)،و.د. ڕەحیم سورخی، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی. سلێمانی .


### 2.5 سەرچاوە عارەبییەکان


1. ابومزيد،رجاء يونس (2012) تحليل الخطاب الاعلامي، الجامعة الاسمية، غزة .
2. التميي ،جمال محمد احمد(2019 ) التحليل اللغوي في الخطاب الصحفي، دراسة نظرية، امارابك المجلد10 عدد32، ص87-108، دار المنظومة مصر .
3. الحميري، عبدالواسع (2014 ) الخطاب و النص، مفهوم، العلاقة ، السلطة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت .

4. السهول ، محمد(2015 )من سلطة اللغة في الاعلام الى سلطةالخطاب الاعلامي: من المقاربة الفلسفية الى المقاربة التداولية، مجلة الحوار الثقافي ،مج4، عدد1، الجزائر .
5. الشهري،عبدالهادي بن ظافر(2004 )استراتجيات الخطاب،دار الكتب الديدة، ليبيا .
6. العناني،عزالدين(2014) الوظائف التركيبية و الدلالية و التداولية في النحو الوظيفي ،دراسةتطبيقية لسورة يوسف، رسالة ماجستير، جامعة سطيف2، الجزائر .
7. المهيري، عبدالقادر( 1993) نظرات في التراث اللغوي العربي، دار الغرب، بيروت .
8. المتوكل، د. احمد(2001) قضايا اللغة العربية في اللسلنيات الوظيفية، بنية المكونات والتمثيل الصرفي – التركيبي ، دار الامان للنشر و التوزيع، الرباط .
9. (2003) الوظيفية بين الكلية و النمطية،دار الامان، الرباط
10. (2016). المنهج الوظيفي في البحث اللسانى،دار الامان الرباط .
11. بغورة، الزواوي(2000) مفهوم الخطاب في فلسفة ميشيل فوكو، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية .
12. بودرامه ، الزايدي(2016) مقياس النحو الوظيفي، رسالة ماجستير، جامعة محمد لمين دباغين، سطيف2، الجزائر .
13. بوقرة،مريم(2018)،نحو تاسيس نظرية وظيفية مثلى: احمد متوكل . انموذجا. مجلة المخبر-العددالرابع عشر.
14. بونتج، كارل ديتر(2003) المدخل علم اللغة، ت.د. حسن البحيري، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة .
15. جميات، بريزة (2016)نظرية النحو الوظيفي لاحمد المتوكل طبقة الحمل الموسع نموذجا، تطبيق على سورة القلم، رسالة ماجستير، جامعةمحمد بوضياف، الجزائر .
16. خليل، ابراهيم(2010) مدخل الى علم اللغة، دار المسيرة للنشرو التوزيع و الطباعة،الاردن .
17. صويلح، هشام (2015)الخطاب الاعلامي، دراسة في تفاعل الانساف التواصلية والاجتماعية .
18. شومان، محمد( 2007)تحليل الخطاب الاعلامي اطر و نظرية، الدار المصرية اللبنانية ، مصر .
19. فاركلوف، نورمان(2009) تحليل الخطاب (التحليل النصي في الخطاب الاجتماعي ) ترجمة د. طلال وهبة ، بيروت
20. عمر، احمد مختار(1982) علم الدلاله، الكويت .
21. مليطان،محمد(2014)نظرية النحو الوطيفي، الاسس و النماذج و المفاهيم،دار الامان، الرباط .


### 3.5 سەرچاوە ئینگلیزیەکان


1. Lyons. John 1980. Semantics. 2 Vols, London and New York, Cambridge University. press.
2. Tompikns, phillip, 1994, Principles of rigor of Assessing evidence in commeunication research, westen Juarnal of con-unication.
3. Widdowson. H.G, Discourse Analysis, Oxford university press
4. William A. Foley& Robert D. Van Valin.1984, Functional Syntax and universal grammar, University of Sydney.


### 4.5 پێگەی ئەلیکترۆنی


1. https://www.academia.edu/31139540
2. https://www.asjp.cerist.dz/en/article/64242


### 5.5 سەرچاوەی نمونەکان


1. https://www.knnc.net/Dreje_wtar.aspx?jimare=386
2. http://chawigal.com/?p=16947